سایرۆس ڤانس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بڵاوی کردەوە کە ئیمسال قەبارەی یارمەتی یەسەربازی یەکانی ئەمەریکا بۆ وولاتانی دەرەوە ئەگاتە (٣) هەزار ملیۆن دۆلار

ئەمە لە کاتێکدا کە ڤانس لەبەردەمی یەکێك لە لیژنەکانی کۆنگریسی ئەمەریکادا دەربارەی ئەو بارانە ئەدوا کە لە بەرنامەی یارمەتیدانی ئەمەریکا بۆ وولاتانی دەرەوە دانراوە .

وە ووتی زوربەی ئەو بارانەی لە بەرنامەی یارمەتی دانا دانراون بۆ دۆستەکانی ئەمەریکا ئەنێرنت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا . وە ئانس دۆستەکانی ئەمەریکای لە ناوچەکەدا دیاری کردو ووتی : یارمەتیەکە ئیسرائیل و میسر و سوریاو ئوردون ئەگرێتەوە . وە ووتی هەزار ملیۆن دۆلار لەو یارمەتیە بە شێوەی بەخشین پێشکەش بە دۆستەکانی ئەمەریکا ئەکرێت .

ڕژێمی سوریا سەرلە نوێ هەوڵ دەدات یەکیەتی ڕێزی نیشتمانی لوبنان تێك بدات

بەیروت ـ١٨ـ ئاژانسەکان

هاوبەیمانە زایۆنیست و گۆشەگیرەکان بەردەوامن لەسەرجێبەجێکردنی ئەو نەخشەیەی ئیمپریالیزم بۆی کێشاوەو ئامانجی لەناوبردنی بەرگری فەلەستینو بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنانە ، هەرلەو کاتەشدا ڕژێمی سوریا هەول دەدا لە درێژەی دەوری پیلانگێڕانەی خۆی لەرووداوەکانی لوبنان‌دا یەکیەتی ڕێزی نیشتمانی لوبنان تێك‌بدا .

ڕۆژنامەی « الصمود » کە بەزمانی بەرەی ڕەفزی فەلەستینەوە قسەدەکا ئەمڕۆ ئەو هەڵوتەقەلایەی وەبیرهێناوەتەوە کە دەزگاکانی ڕژێمی سوریا دەیدەن بۆ تێکدانی یەکیەتی ڕێزی نیشتمانی لوبنان .

ڕۆژنامەکە گوتوویە ڕژێمی سوریا بەهەموو ڕێگایەك هەوڵدەدا بۆ لەبەریەك ترازاندنی ڕیزی هێزە نیشتمانیەکانی لوبنان و هەر لە نەژمی سیاسی و مەعنەویەوە بگرە تا ئاراوەچیەتی و نۆقاندن و تەماع وە بەرنان هەموو شێوەیەك بەکاردێنێ .

لەلایەکی ترەوە ئەمڕۆ بەپێی شاری « نبطیە » لەحرارووی لوبنان کەوتۆتە بەر بوردومانی توپە تورەکانی هێزە گۆشەگیرو زایۆنیەکان .

ئەو مەعلوماتەی لەباوچە سنووریەکانەوە کەیشتووە وادەکەیەنێ کە شارەکە لەنیوەشەوی دوێنێی شەوەوە سێ جار بەتۆپی مەیدانی ١٥٥ میلیم بۆردوومان کراوە .

لەلایەکی ترەوە بەشیر جمیل یەکێك لە سەرکردەکانی جەبهەی گۆشەگیران لە لیدوانێکدا کە ئەمڕۆ گۆڤاری « مۆندای مورنینگ » بڵاوی کردۆتەوە دوپاتی کردۆتەوە کە ڕژێمی سوریاو کەتاییبدا هەیە لە چەشنی ئەو پێوەندیانە کە لەکاتی تەنگانە لەنێوان هاوپەیمانانداهەیە .

ئەولاشەوە ئیلیاس سەرکیس سەرکۆماری لوبنان بەردەوامە لەسەر ڕاوێژ لەگەڵ تاقم و شەخسیەتە جۆرەبەجۆرەکان بۆ لێکۆڵینەوەی دۆخی خواروی لوبنان .

دوکتور سلیم الحص سەرۆك وەزیرانی لوبنانیش ئەمڕۆ چاوی بە ڕیچارد بارکەر بالیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لوبنان کەوتوە .

ڕادیۆی بەیروت کە ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە باسی ئەو مەسەلانەی نەکرد کە لە چاوپێکەوتنەکەدا باس دراون ، بەڵام چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەیروت گوتوویانە دۆخی خواروی لوبنان یەکێك لە گرنگترین باسەکانی ئەوچاوپێکەوتنەبووە .

لە ئەنجەزانیریش قوتابیە لوبنانیەکان تاوانەکانی ڕژێمی سوریاو پیلانگێڕانی خەیانەنکارانەی ئەو ڕژێمەیان لەسەر بزووتنەوەی شورشگێرانەی عەرەبو لەسەرووی هەمووپەوە مەسەلەی فەلەستین گوناهبارکردوە .

لە بەیاننامەیەکدا کە ئەمڕۆ بەبۆنەی بیرەوەری گوشتارەکەی ساڵی ١٩٧٥ی عین الرمانەوە بڵاویان کردۆتەوە تاوانەکانی ڕژێمی سوریایان دەربارەی گوشتنی سەرکردەی لوبنانی کەمال جنبلاط و کوشتن و ڕاونانی خەباتکەرە لوبنانی و فەلەستینیەکان گوناهبارکردوە ، کە هەمووی ئەوانە لە چوارچێوەی دەوری خۆی لە نەخشەی ئیمپریالیزم‌دا بۆ لەناوبردنی مەسەلەی فەلەستین جێبەجێدەکا .

جینگری سەرۆك وەزیرانی ڤیتنام وولات بەجێ بێلە هیلایت

دوێنێ بەیانی بەڕێز نگوین دوین ترینە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی ڤیتنام جینگری سەرۆك وەزیران ، وەزیری دەرەوەی کۆماری ڤیتنامی سۆشیالیستیو وەفدەکەی لەئەنیا بوو ، دوای سەردانێکی وولات کە چوار ڕۆژی خایاند بەغدایان بەجێ هێشت ..

وە بەڕێز نگوین لە ڕاگەیاندنێکا بۆ ئاژانسی دەنگوباسی عیراق ووتی : سەردانەکەمان هاوبەشی کردن لەچەسپاندنی پەیوەندیی دۆستایەتیو هاوکاری کردن لە نێوان هەر دوو وڵاتماندا و ئاسۆیەکی نوێشی کردەوە بۆ پتەوکردنو چەسپاندنی هاوکاری کردنی تێکۆشانی هاوبەش لە نێوان هەر دوو گەلی وولاتەکەمان‌دا ..

وە لە بەڕی کردنی وەفدەکەلە فڕۆکەخانە دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو ژمارەیەك لە کاربەدەستانو باڵوێزی ڤیتنامی سۆشیالیست لە بەغداد ، ئامادەبوون ..

ئەمەو سەعات هەشتی دوێنێ ئێوارە لە بەغداو لە هاوێی بەیاننامەی ناوکۆیی دەربارەی سەردانی وەفدەکەو گفتوگۆکردنی لەگەڵ کاربەدەستان‌دا بڵاوکرایەوە .

وە لەبەری ئەو ئاوارە بەڕێز صدام حسین جینگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە مەکتەبی ڕەسمی خۆی لە بینای ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازیی بەڕێز نگوین کرد .

هەروەها بەڕێز طە محی‌الدین معروف جینگری سەرەك کۆمار پێری نیوەڕۆ لە بینای ئەنجووەمەنی نیشتمانی پێشوازیی بەڕێز نگوین دوی ترینەی کرد .

دەقی بەیاننامە هاوبەشیەکە لە لاپەرە حەوتە

ڕابین دەری دەخات، لە بیروڕای کارتەر لە زایۆنیزم وەك یەك کەن

دوێنێ ئیسحاق ڕابین سەرۆك وەزیرانی زایۆنیزمی دوژمن ، ئەنجومەنی وەزیرانی ئاگادارکردوە کە حکومەتەکەی جێمی کارتەری سەرۆکی ئەمەریکا چاوی بری وەتە ڕابەڕاندنی « سازاندنی تێکڕایی » لەناوچەی عەرەبی‌داو لەماوەی ٤ تا ٨ ساڵ بخایەنێ . ڕابین باری سەرنجی کارتەری وا باس کردوە ، کەزۆر لەباری سەرنجی زایۆنیزمەکانەوە نزیکە .

ئیشارەتی بۆ ئەوەش کردوە کە کارتەر لەوباوەڕە دایە پێویستە هەندی زەوی وزاری عەرەب کەلەساڵی ١٩٦٧دا داگیرکراوە هەر لەژێر دەستی زایۆنیزمەکاندا بمێننەوەو هێزەکانی لێ نەکێشرینەوە ، بۆ ئەوەی سنووریکی وا دروست بکرێ توانای بەرگری لێ کردنی هەبی .

قسەکانی ڕابین پێکەوە گونجاوی لەگەڵ باری سەرنجی ئەمەریکادا دووبات ئەکاتەوە کە جێمی کارتەری سەرۆکی ئەمەریکا دوای گێبوونەوەی ، مانگی ڕابوردوو لەگەڵ ڕابین‌دا ڕای گەیاندو ئەوەی دەربڕی کەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەرووی چارەسەری سازاندنەوەیە بە پەلەیەهەروەکو سوار چاکەکانی ئەم جۆرە چارەسەرەبۆی بەپەرۆشنو ئەیانەوی خەڵکی بێفریوبدەن ، دیسان نە کشانەوەش لەهەموو ئەو زەوی‌و زارانەی کەلەساڵی ١٩٦٧دا داگیرکراون .

دیسان ئەم قسانە لەکاتێکدایە کە سەرۆکانی ڕژێمەکانی سازاندن بەردەوامن لەسەردان بۆ واشنتون‌و لەگەڵ لیژنەسراوانی ئەمەریکا بۆ « لێکۆڵینەوەی سازاندن » گفتوگۆ ئەکەن .

لەلایەکی ترەوە ، مەلیك حسین ، مەلیکی ئەردەن کە ئیستاکە لەندنە لە ((٥))ی ئەم مانگەدا ئەچێ بۆ واشنتون‌و لەگەڵ جێمی کارتەری سەرۆکی ئەمەریکادا کۆئەبێتەوە . کەئەمەش لە چوارچێوەی ڕاویژی کارتەردایە لەگەڵ سەرۆکانی ئەو ڕژێمانەی بایەخ بە ((سازاندن)) ئەدەن .

لەلایەکی ترەوە ، جینگری سەرۆك کۆماری میسر گەیشتوتە مەنامە . دوای سەردانەکەی لەتاران ، وە لەوێ لەگەڵ ـ شیخ عیسی بن سلمان ال خلیفە ـ گفتوگۆ ئەکاتو نامەیەکی ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسری ئەداتێ کە پەیوەندی بەسەردانەکەی ئەم دواییەوە هەیە لە ئەمەریکاو فەرنساو ئەلەمانیای ڕۆژئاوا .

ئەوەی شایانی باسە ، شای ئێران نامەیەکی ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسری وەرگرت کە ئەویش هەرپەیوەندی بەسەردانەکەیەوە بوە بۆ واشنتون‌و باریس‌و بۆن .

سەرەوتار :

بەهەر ڕوناکایی وتارەکەی هاوڕێ صدام حسین لە سیمیناری دامەزراوی گشتی بازرگانی کەلوپەلی بەکارهێنان‌دا :

سۆشیالیزم ڕێگای سەربەرزی و ژیانی بەختیارانەیە

بەشداربونی هاوڕێ صدام حسین لە سیمیناری دامەزراوی گشتی بازرگانی کەلوپەلی بەکارهێنان‌دا تەنیا دەربڕینی ئەو ڕێبازە بەردەوامە نەبوو کە سەرکردایەتی سیاسی گرتوویەتیەبەر بۆ شوێنکەوتن وچاوەدێری کەرتەکانی دەوڵەت‌و بەشداربوون لەو سیمینارانەدا کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە پێشخستنی بزووتنەوەی دەوڵەت‌و کۆمەڵەوە هەیە ، بەڵکوو ئەو ئامادەبوونو بەشداریە کاریگەرە ئەو شوێنە تایبەتیەش دەردەخا کە کەرتی بازرگانی هەیەتی لە بارەی پێوەندی ڕاستەوخۆو ڕۆڵەی بەژیان‌و گوزەرانی کۆمەڵەوەو هەروەها نیشان‌دەدا کە سەرکردایەتی هەست بە نێشو نازاری هاونیشتمانان لە دیاردەکانی کەموکورتی ئەو ـ کەرتەدەکا .

هاوڕێ جێگر لەوتارەبەنرخەکەی لە سیمیناردا نیشانی‌دا کە کەرتی بازرگانی لەچاو چەند ساڵ لەمەوبەرو لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمی دوای شۆڕش‌دا پێشکەوتنێکی بەرچاوی وەدەستهێناوە ، بەڵام دیسانیش ئەگەیشتۆتە ئەوڕادەیە کە شۆڕشی چاوەڕوانیەتی . بەڕێز جێگر ئەوەشی دەست نیشان کرد کە کەمو کورتیەکە بەڵەیەکی بەکەم خۆییە واتە لە توانای هەآسووڕتەڕانی ئەوکەرتەدایە .

سەرکردایەتی حزب و شۆڕش هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە بێ لەسەر مەسەلەی (دانانی بیاوی لەبار لەشوێنی لەباردا) داگرتوە ، ئەویش لەبەر دڵسۆزی بۆ بەرەو ژووروچوونی ڕێرەوی دەوڵەت‌و بۆ دەستەبەرکردنی باش جێبەجێکردنی کاروبار بە چەشنێك کە بەرژەوەندی

● هاوکاری ●

بڕوانە ل : ٧

دوای نیمچە هیمنیەك

شەڕ لە خواروی لوبنان تازە بوەوە

بەیروت نیسان ئا.د.ع :

بێری ئێوارە دوای نیمچە هێمنیەك کە حەفتەیەکی زیاتر ئەخایاند ، لە خواروی‌لوبنان‌دا شەڕ لە نێوان هێزە ناوکۆییەکانو هێزە گۆشەگیرە زایۆنیزمەکان تازەبۆوە .

هەواڵەکان ووتیان : هێزە ناوکۆییەکان لە هێڵی ڕووبەڕووی زایۆنیزمیەوەلەگەڵ کۆمەڵە سەربازی زایۆنیزمی‌دا گولەیان پەیەکەوە ناوە .

هەروەها ووتی : تۆپبارانەکەی دوژمنی زایۆنیزم بۆپشتگیریی کردنی هێزە گۆشەگیرەکان بە ژێری بۆ سەر شاری (نبطیە) بوو .

بانگ کردنی حزبی بەعس وحکومەتی عیراق بۆ بەشداری کردنی ڕۆژی ڕز گرتنی شەهید جنبلاط

بێری ئێوارە وەفدێکی جوڵانەوەی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازی لوبنان گەیشتنە بەغدا وە چەند ڕۆژێك ئەمێننەوە .

ئەم وەفدە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو حکومەتی عیراق بانگ ئەکەن بۆ بەشداری کردنی ڕۆژی ڕز گرتنی شەهید هاوڕێ کەمال جنبلاط کە لە یەکەم ڕۆژی مانگی داهاتودا لە بیروت سازئەکرێ .

Institut Kurde de Paris

● راپۆرتی سیاسی ●

دیدەنی یەکەم دوای یەک .. هەموشی بۆ یەک ئامانج

نووسەری سیاسی «هاوکاری» نووسیویەتی دەڵێ : ـ

هێزە کۆنەپەرستەکان [illegible] لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست [illegible] لیبەرالیزم کە بریتیە لە ڕێزیمە عەشیرەتەریەکانو [illegible] سەرشۆڕکەرەکانی لایەنگری [illegible]ازانو سات‌و سەودا یەکەوە هاوتێکی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی [illegible]خی نازی خواروو[illegible] لوبنان بوەستێنن ، ئەگەر [illegible]ری لە خۆتن ڕشتن [illegible] ڕزگارکردنی هێزە هاوبەشەکانی [illegible]ی نیشتمانی لوبنانو بەرگری فەلەستین .. بەڵام لەلایەک بۆ ئەوەی هێزە کۆشەگیرەکان دوای ئەو زەبرە [illegible]و برانەی لەو چەند ڕۆژی دوایی‌دا لەلایەن هێزە هاوبەشەکانەوە لێیاندرا ، پشوویەکیان بێتەوە بەبەرداو لەلایەکی تریش بۆ ئەوەی هێزەکانی زایۆنی دوژمنو هێزە کۆشەگیرەکان دەرەتانیان بێتە دەست بۆ دیاری کردنی شوێنی ئەو پشتێنەی ئاسایشە « الحزام الامنی » کە کە دوژمن بە درۆزایی سنووری خۆی لەگەڵ سوریا بناغەی داڕشتوەو ئێستا دەیەوێ بە درۆزایی سنوور لەگەڵ لوبنانیش بناغەی داڕێژێ ..

داستانی ئەو « پشتێنەی ئاسایش !! » کە ئێستا بێوەندی بە ڕێڕەوی چارەسەری خۆبەدەستەوە دەرانە بەرفراوانکردنی مەیدانی داگیرکاری زایۆنیەوە بە تەواوی ڕوونبۆتەوەو بۆ ئەوەیە کە هەروەک جیمی کارتەر سەرکۆماری تازەی ئەمریکا دەڵی داگیرکەرەکان سنوورێکیان هەبێ کە « بتوانن بەرگری لێ بکەن » ، ئەو داستانە بەدرێژی لە نیزیک‌و دوور هەموو کەس دەیزانێ‌و شتێکی وێ‌و نادیاری تێدانەماوە ، بەڵام ئاڵ‌و گۆڕەکانی مەیدانی شەڕی لوبنان کە ئێستا لە دەستی ئەو لایەنانە دەرچوون کە ماوەیەک بوو هەموشتێك لەدەست خۆیان دابوو ، هێندێك شێوەی تازەی ڕەفتاری ڕۆژانەی بەسەر ئەو لایەنانەدا سەپاندوە کە زیاتر لە پێش‌چاوی بیروڕای گشتی ئاڕووی پیلانە کەدەبێ‌و ئەولایەنانەش تووشی زیاتر لە تەنگانەیەك دەکەن .

ڕاستە کۆنەپەرست‌و کۆشەگیرەکانی لوبنان‌و ڕێژیمە کۆنەپەرستە ئاسراوەکانی لە سەنگەری دژبەیەکتردا نین ، ئامانجی هەموویان یەکەو ئەو مەبەستەی لەم قۆناغەدا بۆیان دیاری‌کراوە ئەوەیە کە بەرگری فەلەستین لە خواروی لوبنان خاشەپێ بکەن‌و هەموو خاکی لوبنان لە فەلەستینیەکان پاك بکەنەوەو پاشان ئەو قۆناغانە چێبەجێ بکەن کە دەیانگەیەنێتە خاڵەسەری خۆبەدەستەوەدەرانە .. بەڵام هێندێ ڕاستەقینەی مەوزوعی هەن کە ناکرێ لە لێکدانەوەی دۆخی سیاسی ئێستای ناوچەکە بەگشتی‌و لە لێکدانەوەی دۆخی ئێستای لوبنان‌دا بە تایبەتی لەبیربچێنرێ ، ئەویش ئەوەیە کە ڕێژیمی سوریاو ڕێژیمە سەرشۆڕکەرەکانی ترو سەرکردایەتی ئاو مەیدانی کۆنەپەرستی لە ناوچەداو سەرکردایەتیە فەلەستینی‌ی‌ات‌و سەوداکەرەکان ڕێویستیان بە هێندێك مرۆڤ هەیە کە بیان بەنە ئەو قەوارە تازەیەی ئێستا دەکەرێن خاکێکی بۆ پەیدابکەن بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی یاری یەکەی ئیمپریالیزم‌دا [illegible] دابمەزرێنن .. دیارە هەمووی ئەو ڕەیانەش بەسەریەکەوە نایانەدی بزووتنەوەی بەرگری کەتا ـ ئێستا تفەنگ بە ڕێگای ڕزگاری دەزانێ بە پشتیوانی بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنان لە شەڕەکانی خواروی لوبنان‌دا سەرکەوتن بەدەست بێنێ‌و سەرئەنجام لایەنی دژی خۆبەدەستەوەدان‌و سەرنەوێ کردن بەهێزبکا .

بۆ ئەوەی دیمەنەکە ڕوون بێتەوە پێویستە زیاتر هەوڵ‌و تەقەلای ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی بۆ سەرلێ شێواندنی بیروڕای گشتی ڕوون بکەینەوە کە دەیانەوێ وا نیشان بدەن کۆتایی جەشنە ناکۆکی‌یەك لە ئەنجامی ڕێژی کۆنەپەرستەکان‌دا هەیە ، بەڵام ئەو هەڵ‌و تەقەلایە کە خۆی ئەدا لە دیواری حەقیقەت دەری دەخا ئەو ناکۆکی‌یە وەهمیە تەنیا دەور کۆڕینەوەیەکە لەئێوان دەستەو تاقمە کۆنەپەرستەکان‌دا بەگوێرەی پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی نەخشەو پیلانەکان‌و بە بێ ئاڵ‌و گۆڕو هەڵ‌و مەرجەکان .

ئەگەر وادەرکەوت کە ئەو دەستەو تاقمە تایفەگەری‌و کۆشەگیرە لە ناوچەیەکی لوبنان‌دا زیاتر نامادەن بۆ بەژداچوونی بزووتنەوەی بەرگری فەلەستین ، بەو مانایە نیە کە دەستەو تاقمەکانی ڕزگاری کۆنەپەرست‌و ئەسەگیران کە لە ناوچەکانی خۆیان‌دا لە دۆخێکی نارام دادەنین نامادەیی‌یان بۆ هاریکاری بەرگری‌و بزووتنەوەی نیشتمانی کەمتر ، بەڵکو بە وێڕای دۆخی شەڕ چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەنجامی شەڕەکانن بۆ ئەوەی سروشت وڕادەی پشتگیری خۆیان لە ناوچەکەی تر دیاری بکەن ..

بەڵگەی ڕوونیش بۆ ئەزۆکی هەوڵ‌و تەقەلای نیشان‌دانی بوونی ناکۆکی لە ڕێزی کۆنەپەرستان‌دا لێدوانی سەرۆکانی هێزە کۆنەپەرستەکانە لە دووهەفتەی ڕابردوودا کە باس سەردان لە دیمەشق‌و عەممان « قوولی‌و بتەوی بیوەندیەکانی » نێوان خۆیان‌و کاربەدەستانی سوریاو ئەردەنیان دووپات کردەوە .

یەکێك لە بەڵگە ئاشکراکانی بێ کەلکی ئەوشێوە سەرشێواندنە کە هێزە کۆشەگیرەکان ورێژیم‌و کاربەدەستە هاوبەیمانەکانیان بەکاری‌دێنن ، چاوبێك کەوتنی ئەوان لە گەڵ کارتەرو ئەو قسانەی‌بەدوایان‌دا هاتوون‌و دێن کە هەموویان ڕادەی بەسترانەوەیان بەڕەوڕەوەی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو بەو نیازی دوژمنایەتی‌و پیلانگیرانەوە ئاشکرا دەکەن کە لە واشنتۆن‌و تەل‌ئەبیب نەخشەیان بۆ دەکێشرێ‌و سەرۆکانی ساڕاندن بەو پەڕی بێ خۆشبوونەوە چێبەجێیان دەکەن .

چەکی ئەمەریکی بۆ دوژمن و ساڕاندنی نەخشەی تەفروتونا کەرانە لە ناوچەکەدا

لەگەڵ هەردەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ ناوچەی عەرەبی‌و ، لەگەڵ ئەو گفت‌و گۆیانەشا کە وەزیری ناوبراو لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمە خۆبەدەستەوە دەرەکانی عەرەبی‌و قەوارەی زایۆنیزمی‌ئەمەریکا بارەی هەنگاوانی بەرەو ـ ڕێکەوتنی ئایینەو کۆنگرەی جنێف کردی ، ئیمپریالیزمی‌ئەمەریکا هەوڵی ئەوە ئەدا کە لەڕێی بڵاوکردنەوەی هەوالی کۆڕینی بۆمبای لەرژنەر ـ القنابل الارتجاجیە ـ ی‌دوژمن داوای‌کردبوو بە چەکی‌تر کە بریتی‌یە لە (تانکی ئیم ، تۆپی‌ی مۆرتەری ١٥٥ م ، دەزگای ڕادیاری زۆر نوێ) هەندی سەرنج دەربارەی‌سیاسەتی خۆی کە بڕچەك‌کردنی قەوارەی زایۆنیزمە بە ئەو پەڕی‌چەکی کوشندەی نوێ‌لە خشتەبەرێت‌و ڕێیان‌بۆ هەڵەبکات ، وە ئەوەی بە بڵاوکردنەوەی ئەوهەوالە وا پیشان‌بدات کە ئەمەیەوێ‌ڕێکەوتنەگومان لێ‌کراوەکە بە ئەنجام بگەیەنرێت . ئاشکراشەبۆ هەموو ئەوانەی چاوبان‌بڕیوەتە ڕووداوەکان ، کە تەنها بە کڕینی‌ئەو چەکە نوێیە ئەیکێشن ، تەنها پیلانێکەو بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئەو نەخشەیە ساز کراوە کە بۆ ناوچەی عەرەب‌کێشراوە دایەرەکانی ئەمەریکاش بۆ بە جێهێنانی نەخشەکە بەلەئەکەن لەهەمان‌کات‌دا بەردە لەڕووی بارەچەکی نوێش بۆ دوژمن هەڵئەمالرێ ، بەهەولی ئەوەی کە وا لە ڕێژیمە ڕێکەوتن خوازەکان بکات زیاتر بێ لە حەق بهێنەخوارەوە .

ڕای‌گشتی‌ی پێشکەوتن‌خوازو هەموو هێزی سەربەستی‌ی جیهان بەنجەی تاوان بۆ ئەو نەخشەیە ڕائەکێشن‌و هەموو ئەوانەش تاوانبارئەکەن کە هەوڵ ئەدەن نەخشەی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزمی‌یەکە ئاپۆشن‌و ئەو ڕێکەیە خۆش‌ئەکەن کە ڕێی دوژمنانی گەلەکەمانە وە لەسەر حیسابی خاك‌و مەسەلەکە ملکەچی‌یەکی بێ‌ئابروانە پێشکەش بە دوژمن‌ئەکەن .

★

بەردەبەردە کۆشەگیرەکان‌و هێزەکانی ڕێژیمی سوریا بۆلیدانی هێزی بەرگری‌و زەوت‌کردنی خواروی لوبنان لەسەر سنوور بچەسپێنێت .

ئەو ڕاستی‌یەش بەئاشکرا وەزیری دەرەوەی دوژمنی زایۆنیزم بڵاوی کردەوە کاتێك بە ڕۆژنامەی (داقار)ی ڕاگەیاند کە (ئیسرائیل وای لە شەڕی لوبنان کرد کە سوودێکی چاکی لێ‌دەستگیر بکرێت ، تاوەکو زیاتر چەکی ئەمەریکی‌ی دەستبکەوێت ..)

لەلایەکی‌ترەوە دایەرەکانی زایۆنیزم هیچ جۆرە ڕووگرژی‌یەکیان بەرامبەر بە بڕیاری سەرکۆماری ئەمەریکا پیشان‌ئەدا بەوەی کەمەسەلەی تەقەمەنی‌ی ـ ارتجاجی ـ کە لیازبوو بەدرێت بە دوژمن دوابخرێ .. ئەو دایەرە زایۆنیزمی‌یانە ئەو بڕیارەیان وا لێك‌دایەوە کە (لە بتداویستی دۆخ‌و باری ئیمڕۆیە کە بێویستە زیاتر بایەخ بە هەوڵی ڕێکەوتن بدرێت) . بەم چەشنە دەرئەکەوێ کە ئەو یاریەی ئەمەریکاو زایۆنیزم دەربارەی ئەو چەکە نوێیە ئەیکێڕن ، تەنها پیلانێکەو بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئەو نەخشەیە ساز کراوە کە بۆ ناوچەی عەرەب‌کێشراوە دایەرەکانی ئەمەریکاش بۆ بە جێهێنانی نەخشەکە بەلەئەکەن لەهەمان‌کات‌دا بەردە لەڕووی بارەچەکی نوێش بۆ دوژمن هەڵئەمالرێ ، بەهەولی ئەوەی کە وا لە ڕێژیمە ڕێکەوتن خوازەکان بکات زیاتر بێ لە حەق بهێنەخوارەوە .

ڕای‌گشتی‌ی پێشکەوتن‌خوازو هەموو هێزی سەربەستی‌ی جیهان بەنجەی تاوان بۆ ئەو نەخشەیە ڕائەکێشن‌و هەموو ئەوانەش تاوانبارئەکەن کە هەوڵ ئەدەن نەخشەی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزمی‌یەکە ئاپۆشن‌و ئەو ڕێکەیە خۆش‌ئەکەن کە ڕێی دوژمنانی گەلەکەمانە وە لەسەر حیسابی خاك‌و مەسەلەکە ملکەچی‌یەکی بێ‌ئابروانە پێشکەش بە دوژمن‌ئەکەن .

★

شارەزایان زەنگی مەترسی لێدەدەن :

● ساڵ بەساڵ ڕووداوی‌ڕێوبان لە جیهاندا زیادەبێت پاریس لە دوا مانگەکانی ڕابردوو کۆنفرەنسی دەوڵەتانی بۆ لێکۆڵینەوەی‌ئەو گیروگرفتانەی‌بینی کە لەزیادبوونی بەردەوامی ژمارەی ئەو ئۆتۆمبیلانەوە پەیدادەبن کە لە دەوڵەتە پیشەسازیە پێشکەوتوەکان‌دا بەکاردێن .. گیروگرفتەکانیش بریتیبوون لەپیسبوونی هەواوە کە لە دووکەڵی ئۆتۆمبیلەوە پەیدادەبێت‌و ، ئەو هەڕاو ـ هۆریایەی لە مۆتورو هۆرنانەوە پەیدادەبێت‌و ، ئەو ڕووداوەلەیەك دانانەی کە ساڵی هەزارەها کەس لەناودەبات .

وەزیرەکانی هاتووچو لە ئەورۆپا شارەزایانی باراستنی دەوربەری سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان لەم دوو کونفرەنسە ئامادەبوون‌و ، ئەو لێکۆڵینەوەو سەرژمێرە زۆرانەی خرانە بەردەم ئامادەبووەکان دەریان‌خست کە ساڵی ١٩٧٥ ژمارەی کۆژراوو بریندارە ڕووداوەکانی ڕێوبان کەم بووبوەوە ، کەچی ساڵی پاشتر بەکەمەر زیادی‌کردەوە .

ڕاپۆرتی شارەزایانیش سەلماندی کە دیاریکردنی خێرایی لە ڕێگا خێراکان‌و بەکارهێنانی ڕەقابەی چالاکی دەزگاکانی هاتوچو لە دەوڵەتە هەمەجۆرەکان‌و بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی پشتێنەکانی سەلامەتی بۆ شۆفێرونەفەر بوون بەهۆی کەمبوونەوەی ماوەی ڕووداوەکان .

هەروەها دیاریکرا کە گیروگرفتی ووزە لە دەوڵەتە پیشەسازیەکان خێرایی بەرزی دیاریکردو ، ئەمیان گیانی هەزارەها پێتاوانی ئەوتۆی ڕزگارکرد کە هەرساڵ بەهۆی ڕووداوەکانی ڕێوبان لەناودەچوون .

«٥٠٠» ملیۆن ئۆتۆمبێل

سەرژمێرەکان دەریان‌خستوە کە ئێستا (٣٠) مەلیۆن ئۆتۆمبیل لە جادەکانی جیهاندا هاتوچوودەکەن‌و ، ساڵی (٢٠٠٠) ژمارەی ئۆتۆمبیلەکانی جیهان دەگاتە نیومەلیار ئۆتۆمبیل‌و ، ئەوکەسانەی لەم دوو کونفرەنسەدا ئامادەبوون ترسی‌خۆیان بەرامبەر ئەو بیسبوون‌و هەڕاوهۆریایە دەبڕی کە لەم زادبوونەیەوە پەیدادەبێت .. هەروەها دیاریانکرد کە ڕۆژانە بەرهەمهێنانی ئەم ژمارە بابەخ بدرێتە شۆفێری ڕۆژەی ئۆتۆمبیل زۆر لەو ئۆمبیلەکان تایبەتی‌و فۆری مادە خاوانەی کە ئێستا هەن هاژوان‌و ڕیزگرتنی یاساکانی بۆ خۆی دەگێڕێتەوە .. هاتوچوو بکرێن .

ئەو مەترسیانەی لەوانەیە ڕوو بدەن

شارەزایەکی نەتەوە یەکگرتوەکان لە کونفرەنسی پاریس‌دا گوتی ساڵی ١٩٨٠ نیوەی خەڵکی شارەکانی جیهان تووشی ڕادەیەکی مەترسی بیسبوون‌و هەڕاوهۆریا دەبن .. هەروەها شارەزای دەوڵەتان گوتی لەوانەیە پێشکەوتنی تازەی نەخشەکێشانی موتورە نوێکان هەڕاوهۆریا کەمکاتەوە هەروەها گوتی پێویستە خەڵکی شار خانووەکانیان دووربخەنەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە مەترسی هەڕاوهۆریای زۆر بەرزو پیسبوونی هەوا بپارێزن .

گواستنەوەی گشتی جێگای ئەگرێتەوە

ئامادەبووەکان داوایان لە بەرهەمهێنەرانی ئۆتۆمبیل لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهان‌کرد کە ئۆتۆمبیلی تازەی تەمەن‌درێژی‌وا دروست‌بکەن‌و بەرهەمبێنن کە بەلای‌کەمەوە (٢٠٠) هەزار میل واتە (٣٢٢) هەزار کیلۆمەتر ببڕێن . بەمەرجێك هۆیەکانی سەلامەتی شۆفێرو نەفەرەکانیان تێداهەبن‌و کەمێك سووتەمەنی بەکاربێنن‌و بیسبوون‌و هەڕاوهۆریایان کەمبێت .

هەروەها دوێنێ‌ئەوە داوایان لە لێپرسراوەکانی شارە گەورەکان‌کرد کە هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی بێش‌بخەن‌و زیادیکەن بۆ ئەوە ڕۆژترین ئەفەر بگرێتەوەو بەرهەمهێنانی ئەم ژمارە بابەخ بدرێتە شۆفێری ڕۆژەی ئۆتۆمبیل زۆر لەو ئۆمبیلەکان تایبەتی‌و فۆری مادە خاوانەی کە ئێستا هەن هاژوان‌و ڕیزگرتنی یاساکانی بۆ خۆی دەگێڕێتەوە .. هاتوچوو بکرێن .

مۆنۆپۆلە ناودەوڵەتیەکان‌و نرخی تەکنۆلۆژیا

لەگەڵ وونەوەو تووێژەکانی «کۆنفرانسی وتووێژی عەرەب‌و ئەورووپا »دا کە ناودراستی مانگی شوباتی ئەمسال لە تونس بەسترا ، دەرکەوت کە ئەودەوڵەتانەی ئەورووپای ڕۆژ ئاوا کە تەکنۆلۆژیا بۆدەرەوە دەنێرن ڕێگا بەکومپانیا خاوەن جنسیە جۆراو جۆرەکان دەدەن کە دوونرخ لە سەر بەرهەمەکانیان دابنێن ، بەکێکیان بۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاواو ئەوی تریان بۆ دەوڵەتانی بۆدەرەوە نێری نەوت .

هێندێك کۆڕوکۆمەڵی فەنی ورەسمی عەرەبی ئاوەڕۆکی ئەو جیاوازی دانانەیان بۆ دەرکەوت کە کومپانیا مۆنۆپۆلیە گەورەکان لەپێشکەش کردنی پێشنیارەکانی دامەزراندنی پرۆژەکانی بەرەبێدان لەوڵاتانی عەرەبی‌دا بەکاری دێنن . هەروەها هێندێك لەکارناسەکان لێکیان داوەتەوە کە دامەزراندنی پرۆژەیەك لەوڵاتانی عەرەبی‌دا سێ ئەوەندی پرۆژەیەکی لەوبابەتەی لە دەوڵەتە پیشەسازیە سەرمایەداریەکان‌دا تێدەچێ . بەوکارەکومپانیا خاوەن جنسیە جۆراوجۆرەکان ڕەفتارێکی نارەوای تازە دژی وڵاتانی (اوپك)و بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی بەکاردێنن بۆ بەتاڵان‌بردنی‌دا هاتەکەیان‌و یاری‌پێ‌کردنیان لەورێکایەوە .

وەك کۆنفرانسی و تووێژی عەرەب‌و ئەورووپا دەری خست کۆمپانیا خاوەن‌جنسیە جۆراوجۆرەکان دەیانەوێ بەشێوەورێکای ئاشکراو نهێنی کۆسپ بخەنە بەردەم بەرەسەندنی ئابووری وڵاتانی جیهانی سێهەم . ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە لە باری ئابووری‌یەوە هەر بە پاشکۆی چالاکی خۆیانەوە بیەستنەوەو بیانکەنە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی کەرەستەی سەرەتایی هەرزانی پیشەسازی خۆیان .

بۆیە بۆیستە مامەڵە لەگەڵ ئەم کومپانیایانە زۆر بەبارێزەوەو بەگوێرەی‌ی‌ی‌و شوێنێکی کومپانیا وردبکرێ چونکە کومپانیا مۆنۆپۆلە دەوڵەتی‌یەکان کاتێك لەوڵاتێکی تازە بەرەسەندودا چالاکی‌یەکی دیاری‌کراویان هەبێ بەهەمودشارەزایی‌و تاقیکردنەوەی قەنی خۆیانەوە تێدەکۆشن بەهەرجۆرێك بێ ئەو وڵاتەهەر لەدواکەوتوویی دارا بکرن .. وەك دەبینین ڕێکاناداەن کادیرە نیشتمانیەکان فێری تەکنێکی نوێ ببن‌و کۆچ‌کردنی لێوەشاوەکان بۆ وڵاتانی خۆیان هان‌دەدەن‌و دەیان خەنە خزمەتی مۆنۆپۆلەکانەوە ، وسەرچاوە سروشتیەکان هەر بەشێوەی کەرەستەی خاو بەکاردێنن .. ورێکاناداەن پیشەسازی ئەساسیە نیشتمانیەکان دابمەزرێن .. بەچەشنێکی کشتی کومپانیا خاوەن جنسیە جۆراوجۆرەکان هەوڵ دەدەن بۆ کۆسپ نانەوە لەبەردەم بەرەسەندنی وڵاتانی پەرەسەندنی‌دا لەمەبدانی بەرهەمهێنان‌و بەرێوەبردن‌و ناردنە بازاردا ، ولەئەنجامدا

بڕوانە ل : ١١

باشکۆیەتی ئابووری‌و سیاسی ئەم وڵاتانە بۆ دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانیان زیاتر دەکەن .

کومپانیا خاوەن جنسیە جۆراوجۆرەکان بەوئیمکانیاتەی هەیانەو بە پشتیوانی حکوومەتی وڵاتەکانیان لەسەردەمی ئەمەدا بوونە دارەدەستێکی تازە بەدەست ئیمپریالیزمی جیهانیەوە . کۆنفرانسی جوارەمی

کاروباری جیهان

دۆخی قارەی ئەفریقا هەروا بیروڕای گشتی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوەو لەلایەکەوە هەموو مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازو لە لایەکی‌ترەوە ئیمپریالیزم‌و ئۆکەرەکانی جاوی هیوایان بڕیوەتە ئەنجامی‌ڕکدانی هێزە ڕزگاریخوازەکان‌و دوژمنەکانیان . بە جۆرکی‌تر بڵێین دۆخی ئەفریقا بە تایبەتی لە چوار چێوەی‌دەوڵەتە ڕەگەزپەرستەکان‌و دەوڵەتەکانی بەرەوڕوویان دایەکێك لە جەبهەکانی ئەکدانی هێزەکانی شۆڕشی جیهانی‌و ئیمپریالیزم‌و هاوبەیمانە خۆماڵیەکانی پاك هەناوە . بۆیە هەر لایەك هەوڵ ددا ئەنجامی ئەکدانەکە بەرێتەوە .

هێزە شۆڕشگێڕەکان لەباری جەندی‌و جۆنی‌یەوە ئیمکاناتێکی زۆرو بەربڵاویان‌هەیە . لە ئەنجامی خەباتێکی دوورو درێژدا چەند دەوڵەتی‌پێشکەوتنخوازی وەك ئەنگۆلاو موزەمبیق دامەزراون ، وپاشان لەو دەوڵەتانەدا کە ڕەگەز پەرستان بە سەریان دازاڵن وەك ڕودیسیاو خواروی ئەفریقا خەباتی چەکدار هەیەو ئەو خەباتە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەگرێ‌و زەبری توند لە ڕژێمە ڕەگەز پەرستەکان دەدا . لە بەرامبەریشدا . هێزە کۆنەپەرستەکان‌و ئەو لایەنانەی پشتیان دەگرن هەمیشە بەرەو بێ هێزی دەچن . ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان لە ڕادەی جیهانی‌دا تووشی تەریك مانەوەیەکی‌خنکێنەر بوون‌و لە کۆمەڵەی ناو دەوڵەتان‌دەرکراون بەجۆرە لە هێندێك‌دەوڵەتی‌سەرمایەداری‌و ڕژێمی ڕەگەز پەرستی فەلەستینی داگیرکراو . زۆر بە ڕوونی پارسەنگی کێشەکە بەلای قازانجی هێزە ڕزگاریخوازو پێشکەوتووەکان‌دادەکەوێ . بەڵام بڕوا

نووسینی : جەزا صالح

دیاردەیەو دەست لە سەردانانی نابێ ئەم دیاردانەی خوارەوەمان لەبەر چاولابەرێ :

یەکەم : ئەو شەڕەی ئیمپریالیزم‌و بەکرێگیراوەکانی لە ئەفریقا تێی ـ کەوتوون شەڕی مردن‌و ژیانە . بۆیە هەموو گرانایی خۆیان دەخەنەمەیدانی شەڕەوەو زیاتر درندەیی‌و توندو تیژی بەکاردێنن .

دووهەم : هێزە کۆنەپەرست‌و ڕەگەزپەرستەکان یەنا بۆ ئەوە دەبەن‌کە سروشتێکی ئەفریقایی بدەن بە شەڕی خۆیان لەگەڵ‌هێزە ڕزگاریخوازەکان‌دا ، واتە ئەوەندەی بۆیان بکرێ‌هەوڵ دەدەن تابنۆی ڕێکخراوی یەکیەتی ئەفریقا بەکار بێنن . بەڵکەش بۆ ئەمە ئەو بانگەوازەیە کە سەرۆکی‌ڕژیمی زائیر دای بە ڕێکخراوی یەکیەتی ئەفریقاوداوای کرد کە یارمەتی بدا بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشی‌پەرەسەندووی زائیر .

سێهەم : هێزە کۆنەپەرستەکان‌و ئاغاکانیان لە کاتێك دا لە ژووری خۆیان دازەبریان لێ دەدرێ ، تێدەکۆشن کێشەکە بگۆنزنەوەبۆ دەرەوەی سنووری خۆیان، واتە دەستدرێژی بکەنە سەردەوڵەتە ئەفریقاییە ڕزگاریخوازەکان . مەبەستیشیان ئەوەیە وا نیشان بدەن کە کۆیا ئەوەی‌لەناوەوەی وڵاتەکەیان دا ڕوو دەدا بەهاندانی دەرەوەیە ! !((ئۆگستینۆ نیتۆ)) سەرۆکی کۆماری گەلی ئەنگۆلا پیلانێکی‌ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی

بڕوانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

هۆشیاری شۆرشگێڕانەو

خێراکردنی گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکان

ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیانەی کەوا جولانەوەی شۆڕشگێڕانە دەست ئەنات بە دروستکردنیان لە کرمەڵادا، پەیوەندیەی پێیەویان بە دەوری مرۆڤەوە هەیە ، چونکە مرۆڤ هەم ئامانجو هەم ئامرازی ئەم گۆڕانکاریەیە ، لێرەشەوە ، هەر چەند هۆشیاری زیاتر بێت بەنرخی بەشداربوونی لە قووڵبوونەوەو بەرین بوونەوەی ریبازی ئەم گرداره شۆڕشگێڕانەیەدا ، ئەوا ، بێ گومان توانای تازە دەتەکایەوە کە ئەبێتە هۆی خیراتر کردنی ریرەوی کردارەکە ، لەکانیکدا نزم بوونەوەی ئاستی هوشیاری ئەو کەسە دەبێتە هوی خاوکردنەوەو نووچدنی رێرەوە کە چونکە ئەو نزم بوونەوەیە خۆی لەخۆیدا ئاستی ئەو هەوڵتەفەللایە دائەشکێنی کە پیوستین بو گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە .

لیرەدا ، دەبی ئەو پەیوەندیەی کەلەنێوان گۆڕانکاری بنەڕەتیو هۆشیاری شۆڕشگێڕانەدا هەن بەتەواوی بناسرێن ، چونکە ئەم ناسینە ئەبێتە هۆی زانینی تەواوی ئەو کارە کاریگەرەی کەبلندبوونەوەی هۆشیاری شۆڕشگێڕانە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا ئەیکاتە سەر ئاستی قووڵبوونەوەو بەرین بوونەوەی رێرەوی گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕانەکان ، چونکە لەوکاتەدا کەبەم گۆڕانکاریانە کارێکی قووڵ ئەکەنە سەر بلندبوونەوەی هۆشیاری شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵک کە بەرزەوەندیان تێیدا هەیە ، هەر ئەو بلندبوونە ودیە ئاستی هوشیاریە بەباشی ئەبێتە هۆی بال پێوەنانو خیراکردنی رێرەوی گۆڕانکاریە پیشکەوتنخوازەکان ، وئالیرەدا ، گرنگی ڕراندنی هۆشیاری شۆڕشگێڕانە لەمیشکی کۆمەڵانی خەڵکداو کارکردنی بەردەوام بو بەرزکردنەوەی ئاستی ئەم هۆشیاریە بەجۆرێك کەهاوشان بێت لەگەڵ کاروانی بنیاتنانی شۆڕشگێڕانەدا ، دەردەکەوێت .

ئەکەرچی سەرکردایەتی حیزبی شۆڕشگێڕ خۆی بەرپرسیاری دانانی پروگرامەکانی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لەدامو دەزگاکانی دەوڵەتدا دەخاتە ئەستۆ ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پروگرامانە بهێنرێتە دی ، دەبی بەشی خۆارەوەی حزبو کۆمەڵانی خەڵك باوەڕی پتەویان بەگرنگی هەبێ ، ئەوەبزانن کە ئەمە ئەبێتە هۆی گۆڕینی لایەنە جوراوجورەکانی ژیانیان .

لیرەوە ، ئەتوانین بڵێین سەرەڕای بایەخی مەزنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەمەیدانی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانداڕوودەدەن ، ئەم گۆڕانکاریانە هەرگیز ناکەنە ئەو مەودا شۆڕشگێڕانەیە ، بۆیان رەچاو کراوە ، ئەگەر شان بەشانی ئەوان ، واتە گۆڕانکاریەکان ، گۆڕانکاری هاووێنە لەمەیدانی رۆشنبیری و هۆشیاری شۆڕشگێڕانەدا نە هێنرێتەدی ، لێرەدا دامو دەزگای شۆڕش بەرپرسیاری دارشتنی پیوستیەکانی رۆشنبیری سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانەی ئەکەوێتە ئەستۆ ، کە ئەبێتە هۆیەکی کاریگەری کوکردنەوەو لێك دانی توانا دروستکەرەکانی کۆمەڵانی خەڵك و بەکارهێنانی لەرێرەوی کردارە شۆڕشگێڕانەکەدا .

جیاوازی رۆشنبیری سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانە لەئەمڕۆ رۆشنبیریدا

لەوەدایە کە ئەم بەخوێندنی ئەکادیمیو هەوڵدانی تایبەتی نایەتە دەست هەر چەند ئەم خوێندنو هەوڵدانە کاریگەر بێت ، ئەگەر لەبنەڕەتدا لەسەر باوەربوون بەفیکری شۆڕشگێڕانەی هاوشان لەگەڵ کردارداو بنیات نەنرابێت ، هۆشیاری شۆڕشگێڕانە تەنها بە لەبەرکردنی تیکستی تیۆریو ووتەرەی فسەووتەی شۆڕشگێڕانە نایەتەدەست ..چونکە هوشیاری شۆڕشگێڕانە ، توندی بەندە بەریزە نامانجو ئارایەکی ڕداراوەو ئەو روەو دروستکردنی تەتەگاریەك لەواقیعی بینای ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسی کۆمەڵای کۆندا دروستبوون بەئامانجی هەرەس پێهێنانو لەناوبردنی ئەم واقیعەو دروستکردنی کۆمەڵگای شۆڕشگێڕانەی تازە لەجیاتی ئەو ، بویە ، بۆ ئەوەی بگەینە وەدەست هێنانی هوشیاری شۆڕشگێڕانەی راستەو دروست دەبێ هەموو ئەو کولەکانە دەستنیشان کەین کەئەم هۆشیاریەیان لەسەر جێگیر دەبێ .

یەك هێنەرە بنەڕەتیەکانی هوشیاری شۆڕشگێڕانە

کامڵبوونو خەملینی هۆشیاری شۆڕشگێڕانە لەمێشکی هەموو ئەو کەسانەدا کەبەشیان بەرێرەوی گۆرانکاریەوە هەیە ، هەر لەخۆیەوەو بە ئاسانی نایەتەدی ، بەڵکو پیوستی بەرەخساندنی ئەو پێکهێنەرە بنچینەییانەیە کە ئەم هۆشیاریەی لەسەر جێگیردەبێ ، وهۆی چەسپاندنو گۆڕانی بو پێکدێنی ، ئاشکراترینی ئەم پیکهێنەرانەش ئەمانەی خوارەوەن :

● خۆبەستانی هۆشیارانە بەبیروباوەڕەکانی حزبەوەو ، وەرگرتن وتێکەڵبوون وردی بنەڕەتە سوشیالیستە شۆڕشگێڕانەکانی .

● دانانی بنەڕەتە تیۆریەکانی حزب بەچرایی ڕۆشنکەرەوەی ریگای کردارو هەمیشە گەڕانەوە بو بیرودانکە بیروباوەڕەکانیو شوێنەوارە رەوشنیەکانی لەکاتی دانانی جۆری رەفتاری رۆژانەو ئەمو ئەوسەری ئەو شتانەی کە لەهەر قۆناغێك دا دەبی هەڵبژێردرێن .

● ئاسینی قووڵی ئەو شی کردنەوەیان لەبەر رۆشنایی کرداردا دەردەکەون وبەوردی بەڵگەو دیاردانەی کە لەمەیدانی بنەڕەتە فیکریەکانی حزب ، وەرگرتنی ئەو پەڕی سوود لێیان بەرەو دەوڵەمەندکردنی حزب بەشتی تازە کە لەرێبازە شۆڕشگێڕانەکەیدا دەردەکەون .

● زانینی پیداویستیەکانی وەدیهێنانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کەرتە ئابوریە جۆراوجۆرەکاندا ، وەکو کەرتە کشتوکاڵیو پیشەسازی وبازرگانی وخزمەتگوزاریەکان وموتوریەکردنی ئەم زانینە بەهۆی ئەو ریگەیەی شۆڕشگێڕانەی کەچینە ناخی هەمو لایەنەکانی ئەو کەرتەوە کەئەو کەسە خۆی کاری تیدا دەکات .

● زانینی پیداویستیەکانی هەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکان بەجۆرێکی بەسترا و لەئەمڕۆ ئەو نامانجە ستراتیژیانەدا ، کە ئەم گۆڕانکاریانە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن لەدوا قۆناغدا .

● هۆشیاری شۆڕشگێڕانە بەئاودانی بەهەمو شتە نوێو جوراوجۆرەکانی زانستو بەهەمو گۆڕانکاریو راستیە تازەدەرکەوتوەکان لەمەیدانەکانی جوراوجۆری بەکارهێنانی شۆڕشگێڕانەدا ، رەسەنترو نوێتر ئەبێتەوە .

سووربوون لەسەر جەسپاندنی ئەم پێکهێنەرە بنەڕەتیانەی هوشیاری شۆڕشگێڕانەی سوشیالیستی لەمێشکی کۆمەڵانی خەڵکدا ، دەبێ شان بەشان بکرێ ، لەئەمڕ دوورکەوتنەوە لەهەندێ هەڵخلیسکان کە لەرێرەوی هۆشیاری شۆڕشگێڕانەدا دەردەکەون ، کەبەکورتی لەخوارەوە باسیان دەکەین :

● مەیلی ئەوەی تێکەتە شۆڕشگێڕانەکان بخرێتە قالبێکی بیروزەوە و بەکار بهێنرێن ، تەنها بو راباواردنی فیکری دوور لەتێکەڵ بوون لەگەڵ واقیعو بارەگۆڕاوەکانیدا .

● هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی ئەحکام هۆشیاری شۆڕشگێڕانەی شکلی لە پیناوی ئامانجی تایبەتیو خۆیدا ، کە دوورە لە پەیوەستی تێکەهەڵچوو لەگەڵ تێکوشانی راستەقینەدا .

● کەوتنە ناو ئەو خەیاڵەوە کە وایە «روشنبیری کەرتێکی تایبەتیە » وتەنها بۆ کۆمەڵێك شارەزا دانراوە کە تردوبانە بە پەنە بۆ خۆیان ، ئەو کارەی کە لە باشدا ئەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە تێکەیشتنی ئەم سەروەرئەوەری پیری شۆڕشگێڕانە وبەکار هێنانە جۆراو جۆرەکانیو خۆ حەشاردان لە کونجی « شارەزایی »دا ودروستکردنی چەپەری دەسکرد لە نێوان پیری شۆڕشگێڕانەو لقەکانی تری زانستو زانیاریدا .

خۆ رۆشنبیرکردن بە جورێك کە پەیوەندی بە دیسیپلینی فکریو سیاسی ئاشکراوە نەبێتو ، هەنجانی بی بەرنامە لە سەرچاوە روشنبیریە جۆراو جۆرەکان وبەکار هێنانی کام وشەی شۆڕشگێڕانە کە لە وانیتر توندترە ووەرگرتنی شتی پیشکەوتنخوازانەی تشتی لێیان .

● هەڵخلیسکان بەرەو ئەو خەیاڵەی کە وایە ئەگەر پیاو لە هۆشیاری شۆڕشگێڕانەو روشنبیریی سوشیالیستیدا سوارببو ، ئەوا ئیتر پیویستی بە تێکوشانی بیو جان لەناو کۆمەڵانی خەڵکداو هاوبەشکردن لە ژانەکانیان و خەم وخەفەتەکانیادندا نیە ، سەرچاوەی ئەمەش فیزو نە خۆ پایی بوونە .

ئەمەش ئەو کەسانەی کە لە رێرەوی کرداری شۆڕشگێڕانەدا کاردەکەن خاوەنی زانست بن لە بارەی شتە بنەڕەتیەکانی هۆشیاری شۆڕشگێڕانەوە ، وبەیەبەرن بە مەترسی ئەو هەڵخلیسکانانەی کە لە رێبازی وەدەستهێنانی ئەم هۆشیاریەدا دەردەکەون ، ئەوا هیزێکی گەورەو کوژمێکی بەتاو دێتە دی کە دەبێتە سەرچاوەی ورەو توانای نوێ بو کاروانی گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕانەکانو ئەمەش ئەبێتە هۆی قووڵبوونەوەو وبەرین بوونەوەو و بەدەوام بەرەو پێشچوونی ئەم گۆڕانکاریانە ، چونکە دەوری هۆشیاری شۆڕشگێڕانە ، بەتەواویو بە ڕوونی ، لەو ئەنجامە باشانە دەردەکەوێ کە دەیداتە دەستەوەو کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە خیراکردنی گۆڕانکاریدا هاوبەشی ئەکەن.

ئەنجامە باشەکان

ئەنجامە باشەکانی دەوری هۆشیاری شۆڕشگێڕانە لە خیراکردنی گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکاندا ، ئەتوانری لە هەندی کردارداببینرێ کە ئەم هوشیاریە رەنگی تیدا داوەتەوە هوشیاری ئابووری شۆڕشگێڕانە ، بۆ وتنە ئەوەیە کە بال بە کارکەرانی کەرتی بازرگانی سوشیالیستیبەوە ئەنی کە چەهەوڵنك پیوستە بیدەن بو ئەوەی کەلوپەلو کوتال بنەیەنری بو کۆمەڵانی بەرینی خەڵك ، وئەو ناوبردنی بنچینەیی هەمو ئەو تەگەرەو کۆسپانەی کە ئەبنە هۆی دەست نەکەوتنی کەلوپەلیك و پیوداگێکی بنەڕەتی ئەو عورفە شۆڕشگێڕانەیەی کە ئەبی سەرمەشقی هەمو رەفتارو چالاکیو کردارمان بێت . دروشمی « ئەوەی بەرهەمی نیە نان ناخوات » ، بوونە ، کاتی ئەچینە مەودای تەواوی کاریگەری خۆیەوە ، کە کۆمەڵێکی زورو زەبەندەی وزەی بەشەریی کە لە کەرتی چوراوچۆری بەرهەمهێنانو خزمەتگوزاریدا کاردەکەن بکەونە بەکار هێنانی ، هەمان شت ئەو کارتێکردنە باشە کاریگەرانە ئەگرێتەوە کە بەکارهێنانی باشتری دروشمەکانی حزب ئەیخاتە روو ، واتە ئەو دروشمانەی کە دەڵێن دەبی کات بەشیوەیەکی شارستانیانەو زیرانە بەکار بهێنرێ هەروەها ئەو دروشمانەی کە کار بەشتێکی پیروز دادەنێن وەکو بایەخێکی کۆمەڵایەتی زور پیویست لە دروستکردنی کۆمەڵگای سوشیالیستی شۆڕشگێڕانەدا .

گونجان لە فکرو دەروونو رەفتاردا لەگەڵ رێرەوی ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیانەدا کە ئێستا لە ولاتە کەماندا روو ئەدەنو ناسینی سەرانسەری ئامێرکانی دوا رۆژیو ئەنجامە باشەکانی لە ژیانی کۆمەڵانی رەنجکیشدا، بال بەو رێرەوەوە دەنین تا بگاتە ئەو پەڕی ئامانجەکانیو، رۆژبەرۆژ شتی تازەی ئەخەنە سەر کە ئەبێتە هۆی قایم بوونیو خۆگرتنی لە رووی هیزەکانی وەڕگەڕانو تاریکیداو زیاتر لەگەڵ کۆمەڵانی بەرینی خەڵکدا بیکەوە دەڵکێن .

هەر چەندە کۆمەڵانی خەڵك هۆشیاری شۆڕشگێڕانەیان . لە بارەی ریبازی گۆرانکاریە بنەڕەتیەکانەوە زیاد بێتو لەوە بکەن کە ئەم گۆڕانکاریانە خزمەتی بەرژەوەندیە بنەڕەتیەکانی ئەو دەکەن ، ئەوەندە بیرو باوەڕی بە رەوایی مەسەلەکەی زیاد دەبێتو بی گومان ئەوەندە بەخشنی زیاترو بی سنوورتر دەبێت ، ئەو بەخششەی کە رێرەوی کرداری شۆڕشگێڕەکە بە وزەی شەبۆل وەشێن پر تر دەکاتو توانای ئەوەی دەدائی کە بگاتە ئامانجەکانی واتە دروستکردنی کۆمەڵگای سوشیالیستی بیشکەوتەو رێ بڕین لە هەوڵو تەفەللای هیزەکانی دوشمن بو کەمی هەندی کەرەستە ، هەر خۆشی پایان پێوە ئەنێ کە باز بەسەر روتینداا بدەن بۆ مسۆگەرکردنی پیویستیەکانی هاووڵاتیانو سەلماندنی راستی هەڵبژاردنی سوشیالیستانە کە سەرکردایەتی حزبو شورش دای ناون ، ئەمەش بە هەوڵدانی بەردەوام بەرەو کارامە بوونو وەستایی لەزانینو ناسینی پیویستیەکانی بازارداو وشێوە راستو بەجیکانی شت خستنە بازارەوە ودوور کەوتنەوە لە هەموو شتیکەکە قازانجی تایبەتی تیدابێت لە سەر حیسابی زۆربەی خەڵك یاخۆ بەکار هێنانی وەزیفە بو یارمەتیدانی خزمو دوستو ناسیاو .. هەمان پێوانە ئەبێ بو کار کەرانی تری دامو دەزگاکانی تری دەوڵەت ، لە هەر جێگاو پلەیەکدابن ، بەکاربهێنرێ ، کە هۆشیاری سوشیالیستی شۆڕشگێڕانە دوریان ئەخاتەوە لە تەلەی بیروکراسیەت کە زەرەر بە پروگرامەکانی شۆڕشو رێرەوی گۆرانکاریەکان دەگەیەنێ بەوەی کە گیانی خولقینەری ئەکوژێو تەلەی وزەو توانای باشی کارکەرە بچوکەکانی دەزگا دەوڵەتیەکان ئەخنکێنێ .

لە لایەکی ترەوە ، هۆشیاری شۆڕشگێڕانەی ساغ بالیان پێوە ئەنێ کە واز لەو رەفتارە وشکەبێنن کە لەکاری فەرمانبەریدا فیری بوون وایان لێ ئەکات هەوڵو تەفەللای زیاتر بدەن بو بەجێ هێنانی ئەرکەکانیان بە جۆرێك کە لە ئەمڕەوەدا بەونجێ کە شۆڕش چاوەروانیەتیو بە جۆرێك کە بەشداری بکات لە بەجێ هێنانی پروگرامەکانیدا ، بەم جۆرە ، بۆمان دەردەکەوێ کە بلاو بوونەوەی هوشیاری شۆڕشگێڕانە لە ناو سەرکردەکانی شۆڕشو هیزە بنەڕەتیەکانیدا کە بریتین لە کرێکارو جوتیارو روشنبیری شۆڕشگێڕو و رنجدەرانی تر ، ئاسۆی فراوان ئەکاتەوە لە بەردەم دەوڵەمەندبوونی دروشمە ناوەندیەکانی حزبدا کە سەرکردایەتی حزبو شۆڕشی دایانی رشتوەو کردوونی بەخزانەناوی .

ئەلێ (کردارێکی ناراستەکراوو بەمەبەستە بۆ پەیداکردنی گۆڕانکاریەکی دڵگیر لە رەفتاری مرۆڤو کۆمەڵدا) .

بەڵام بەشی دووەم باسی سۆشیالیستیو پەروەردەو ، پەیوەندیی سۆشیالیستی بە پەروەردەو ، پەروەردە لە رێژیمی سەرمایەداریداو ، پەروەردە لە رێژیمی سۆشیالیستیدا ئەکات . وەدەربارەی ئەمەی دواییانەوە ئەڵێت (زانستو تەکنیکو هەموو دۆزینەوە گەشەدارەکانی بلیمەتانەی مرۆڤایەتی بۆ خزمەتکردنی میلەت دائەنرێ ، ئیشو کاریان سووك ئەکاتو بەشداریی پێشخستنی ئەنداماتی کۆمەڵ ئەکات تشت ئەنداماتی گۆمەڵ ئەکات پێشخستنێکی گونجاوانە » .

خوێندن لە بیروڕای سۆشیالیستیدا پێویستیەکی مرۆڤایەتی زیندووە ، ولەبنیادویستە ماددیەکانی سەرەکیەکانی مرۆڤە ، لە بال ئەوەشا کە توخمێکی بنەڕەتی توخمەکانی بەرەلاکردنی هێزە خولقێنەرەکانی ، وەمەبەستی پێکهێنانی رێژیمێکی کۆمەڵایەتی نوێیە کە دۆخو بارێکی ئابووریی مەوزوعیو کۆمەڵایەتیو فیکریو سیاسی نوێ ئەخولقێنێ ، مرۆڤ لە هەموو جۆرە چەوساندنەوەو خزبەسەرا سەپاندنو ووشکەوە بوونێك ئازاد ئەکاتو دەرفەتیشی لەبەردەما ئەرەخسێنێت بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی سەربەست) .

وە لەبارەی بیروڕای پەروەدەشەوە لێکۆڵەرەوەکە پاراستنیو بەرەلاکردنی هێزە خولقێنەرەکانی ، وەمەبەستی پێکهێنانی رێژیمێکی کۆمەڵایەتی نوێیە کە دۆخو بارێکی ئابووریی مەوزوعیو کۆمەڵایەتیو فیکریو سیاسی نوێ ئەخولقێنێ ، مرۆڤ لە هەموو جۆرە چەوساندنەوەو خزبەسەرا سەپاندنو ووشکەوە بوونێك ئازاد ئەکاتو دەرفەتیشی لەبەردەما ئەرەخسێنێت بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی سەربەست) .

وە لەبارەی بیروڕای پەروەدەشەوە لێکۆڵەرەوەکە توانای پێکهاتنی کۆمەڵایەتی یەو هۆیەکیشە لە هۆکانی بەرەلاکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان بۆ دروستکردنی بنکەی ئابوریی سۆشیالیستی دامەزراندن .

بەڵام دەربارەی پەروەردە لە رێژیمی سەرمایەداریداو ئەڵێت :

لەناو کۆمەڵە سەرمایەدارەکاندا ئەتوانرێ بووترێت ، سێ هۆ بالی بەو رێژیمانەوە ناوە کە قوتابخانە دابەمەزرێنن ئەو هۆیانەش ئەمانەن :

١ - پاراستنی رێژیمی کەنیسە بە تایبەتی لە رابووردودا ، لەو بیرو رایانەی خرایەی ئەدەنە پال یاخود لە ئەنیا ناگونجێن .

٢ - جێگیرکردنی پێکهاتنی چینایەتیو ، خوێندنیش والێبکرێ کە هەر بۆ چینێکی دیاریکراو رەخسابێت بۆ ئەوەی لە ئەنجاما پەیوەندییە ئابووری کۆمەڵایەتیەکی شێوە کۆنەپەرستانە بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنرێت .

٣ - بەدیهێنانی سوودی ئابوریی تاکە کەسی چەوسێنەرەوانە بەهۆی جۆرە پەروەردەدانێکی دیاریکراو بە ئەندازەیەکی دیارکە بەرژەوندیی چینەکەو رژێمەکە مسۆگەر بکات .

● وەلێکۆڵەرەوەکە بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەی بۆ بنچینەکانی پەروەردەی سۆشیالیستیی تەرخان کردووە ، چونکە ئەخشەکێشانی پەروەردەیی لەکۆمەڵی سۆشیالیستیدا ، تێکرایی و ئەرمو نیانیو زانستیو دیموکراتی تیدا رەچاو ئەکرێت . وە دانەرەکە ئەو بنچینانەی بەپێز وەك خوارەوە بیشان داوە :

١ - خوێندن تەنها ئەرکی دەوڵەتەو هیچ تاقمو رێکخراو دەستەو کۆمەڵەیەکی نارەسمی یا هیچ کەسێك مافی ئەوەی نیە دەزگایەکی خوێندن فێرکردن دابمەزرێنێت یا بەڕێوەی بەرێت .

٢ - خوێندن بەرۆژ

بڕوانە ل : ١١

پەروەردەی سۆشیالیستی

نوسینی : حکمت عبدالله

پێشکەش کردنی : محمد بدری

● لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی راگەیاندن کتێبێکی مامۆستا حکمت عبدالله بەناز بە ناونیشانی - پەروەردەی سۆشیالیستی - دەرچووەو بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی بەنرخ کە (١٣٦) لاپەڕەی گرتۆتەوەو لە (٧) بەش پێکهاتووە ، لە بایەخی لێکۆڵینەوەو ئامانجەکانی و ، لە سۆشیالیستیو پەروەردەو ، بنچینەکانی پەروەردەی سۆشیالیستیو ئامانجەکانی پەروەردەی سۆشیالیستیو پروگرامی پەروەردەی سۆشیالیستیو مامۆستای سۆشیالیستخوازو چۆنیەتی باری خوێندن لە عیراقدا دواوە .. هەروەها لێکۆڵینەوەکە کۆتایی پێهاتو پاشکۆیەکی سەرژمارەکانو چەند خشتەیەکیو لیستەیەکیشی بەناوی ئەو سەرچاوانەوە تێدایە کە دانەر لە چوونە ناو باسەکەیەوە سوودی لێ بینیون .

لێکۆڵەرەوەکە لە بارەی بایەخی لێکۆڵینەوەکەیەوە ئەڵێت !

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لە سروشتی ئەو باسەوە سەرهەڵئەدات کە هەوڵی لێکۆڵینەوەدانی ئەدات ، باسێکە لە قۆناغی شۆڕشگێڕیی ئێستاو دوارۆژماندا بایەخێکی گەلێ دوورەمەودای هەیەو لێکۆڵینەوەو ڕوونکردنەوە کردنی لەوانەیە بەشداریی دیاری کردنی ئاسۆکانی پەروەردەی سۆشیالیستیی مامۆستایانو پەروەردەکەرانو قوتابیانی دەزگا پەروەردەییەکان بکات ، سەرەڕای ئەوەش لەوانەیە ئەو لێکۆڵینەوەیە ببێتە بەردەبازێك بۆ لێکۆڵینەوەی شارەزایانەترو بۆ پشت بەستنیش بە سەرچاوەو کارامەیی تری ئەوتۆ کە لێکۆڵەرەوەکە دەرفەتی پەیداکردنیانی نەبوە ، کە ئەوەش لەوانەیە ببێتە سەرەتایەکی ساغو دروست بۆ دەوڵەمەندکردنی بیروڕای پەروەردەی سۆشیالیستیی و پشخستنیشی بە شێوەیەك بالیشتنێك بۆ شۆڕشی هاوچەرخی عەرەب بهێنێتەدی

● لێکۆڵینەوەکە هەروەکو مامۆستا بەزاز دەری ئەبڕێ بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەیە :

سۆشیالیستیی پەیوەندیی بە پەروەردەوە چیە ؟

ئەو بنچینانە کامانەن کە ئەبێ پەروەردەی سۆشیالستیبان لەسەر دابمەزرێنرێت ؟

ئامانجەکانی پەروەردەی سۆشیالیستی چین ؟

پڕۆگرامی پەروەردەی سۆشیالیستی چیە ؟

مەرجەکانی مامۆستای سۆشیالیستی چین ؟

ئەرکەکانی مامۆستای سۆشیالیستی چین ؟

ئەو هەوڵو کۆششانە چین کە لە عیراقدا لەم ریگەیەوە بۆ گۆڕینی خوێندنی ئامادەییو دامەزراندنی بناغەی سۆشیالیستیی نراون ؟

● بەشی یەکەمی کتێبەکە بریتیە لە پێشەکیو بایەخی لێکۆڵینەوەو ئامانجەکانیو پلانو سنوورەکەی ، لەگەڵ ئەو زاراوانەی لە کتێبەکەدا بەکارهێنراون ، هەروەها ئەو بەشە پێناسەیەکی بیروڕای سۆشیالیستی و بیروڕای پەروەردەی تێدایە . لە پێناسەکردنی سۆشیالیستیدا ئەڵێ (هۆیەکە بۆ ریکخستنی کۆمەڵو رزگارکردنی مرۆڤو پاراستنیو بەرەلاکردنی هێزە خولقێنەرەکانی ، وەمەبەستی پێکهێنانی رژێمێکی کۆمەڵایەتی نوێیە کە دۆخو بارێکی ئابووریی مەوزوعیو کۆمەڵایەتیو فیکریو سیاسی نوێ ئەخولقێنێ ، مرۆڤ لە هەموو جۆرە چەوساندنەوەو خزبەسەرا سەپاندنو ووشکەوە بوونێك ئازاد ئەکاتو دەرفەتیشی لەبەردەما ئەرەخسێنێت بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی سەربەست) .

وە لەبارەی بیروڕای پەروەدەشەوە لێکۆڵەرەوەکە

Institut kurde de Paris

له ئاسۆی دەبیدا

«هونەر» لەنێوان هونەرو قسەی ڕوتدا ..

- صلاح احمد -

« هونەر لە گشت ئاتێکداو بە درێژایی مێژوو ، جۆرێك بووە لە جۆرەکانی دەربڕینی کۆمەڵایەتی » . باوەڕناکەم کەس نکووڵی لە ڕاستیی ئەم تەعریفەی دوور بکات ، بەڵام وەك کاك « احمد محمود » لە ژمارەی شەووی ئەم ڕۆژنامەیەدا بۆی چووە ، هەر ئەوەندە ئەو « هونەر » بە تەنها یەك تەعریفێك لە کۆڵ ببێتەوە ، بەکوماڵ هەر کەسێك دەست بداتە هەر کتێبێك دەربارەی هەر بەشێکی هونەر ، بە دەیان تەعریفو لێکدانەوەی بەرچاو دەکەوێت ، ئەمە جگە لەو کتێبانەی کە ، تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە داناون . لەبەر دوورو درێژووەوە نەبوایە چەل ، بەنجا نووسەرەکمان لێرەدا دەخستە بەرچاو .

لێنجا ئەگەر کاك « احمد » لەو تەعریفە زیاتری نەبینیوەو ، دەیەوێت لە هونەرشدا بابەتێك ، یان ڕەخنەیەك بنووسێت ، هێشتا وەخت ماوەو ، کەسیش لە بڕێك ناپێت بە کوڕێكو ، بارارێش بڕە لە کتێب بۆ ئەو کەسانەی مەبەستیانە .

ئایا ڕاستە وەك ئەو دەڵێت : « بۆ داپژشینی دواکەتوویە لە ڕووی ڕۆشنبیریو ، لە هەلویستی فیکریدا .. هتد ، یان مەسەلەکە ئەوەیە کاك « احمد » هەر ئەوەندەی لێدەزانێتو ، ناشتوانێت بزانێت لەوەی ئەو دەیزانێت زیاتریش هەیە ؟!

من وتوومە : « ئەگەر هونەر تیشکدانەوەیەکی ناخی ئادەمیزاد بێت بۆ ناوەوەو ، لێنجا بۆ دەرەوەی خۆی .. هتد » . « بۆزیس شۆچکزف »یش لە لاپەڕە «٦»ی کتێبی « المصائر التاریخیه للواقعیه »دا دەڵێت : « هونەر هەروەها دنیای ناوجەرگەی - ناوەوە - ی مرۆڤەو ، شەخسییەت و ، ناقیکردنەوەو ، بەیوەندییەتی بە دنیای - دەرەوەوە » . « طراد الکبیسی »یش لە لاپەڕە « ١١٨ »ی « شجر الغابه الحجری »دا دەڵێت : « هونەر تەعبیرە لە پێویستیی بە خولقاندن لە - ناوەوە - ی هونەرمەنددا » چونکە هونەر لە « ناخ »دا دروست دەبێتو هونەرمەندو گشت ئادەمیزادێکیش بەبێ « ناوەوە » تەنها قاوغێکەو ناتوانرێت ناوی « ئادەمیزاد »ی لێبنرێت ، کەچی کاك « احمد » ئەم وشەیەی نەبیستووەو وادەزانێت من وامهێناوە ، بڕیە دەیخاتە ناو کەوانەوە . پاشان وادەزانێت « کۆمەڵ »و « گەلان »و « مێژوو » شتێکن و ، تاکە کەس شتێکی تر ، وەك ئەوەی گەلانو کۆمەڵو مێژوو .. هتد هەر ئەو گشتە نەبن کە لە هەموو تاکە کەسەکان پێکهاتوون ! ئەی ئەو هەموو « ناو »ی تاکە کەسانەی کە گەلانو کۆمەڵو مێژوویان پڕکردووە ، لە کوێوە هاتوونو ، بڕچی ناو دەبرێن ؟! تۆ بڵێیت « بیتهۆڤن »و ، پیکاسۆو ، دیستۆفسکی و ، ئەرستۆو ، و ، و ، و ، وو هەموو ناوی گەلانو کۆمەڵ بن ؟! نازانم چۆن دەتوانرێت بیر لە کۆمەڵ ، یان گەلێك بکرێتەوە بەبێ ئەوەی [illegible] بیرای ببڕە گشت شتێك [illegible] دەرەوەشەوە - لە بچووکترین [illegible] ، دەست پێدەکات بۆ گشتو ، هیچ شتێك نەبووەو نابێت ئەگەر بڕینی نەبێت لە کۆمەڵێك بەش .. ئەم جۆرە لێك دابڕکردنە سەرنجێکی هەڕەمەکییانەیەو نووتنی ئاسایانەو بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك دەڕاوە ، بە ئاك « احمد » دەیەوێت ئەم سیفەتە بدانە پاڵ من گوایە لاسایی کۆلن ویلسنو سارتەرو [illegible] بیداری پێدەبەمەوە؟ من حەز ناکەم باسی [illegible] بکەم کە بۆ هیچ حیسابێك نەمنو بە ئاك « احمد » بێت ئاحەیەین بە قولەپێیاندا ، با هەر چەندەش لە دڵیاندا نازرك ، یان کزك بین .

من نووسیبووم : « .. - هونەر - ئەو کەسانە دوور دەکەوێتەوە کە لەناویانەوە سەری هەڵداوەو ڕەگەو ڕیشەی تیداکوتاون .. چونکە لێو ڕۆیی لەو ڕادە کشتییە بەرزترە کە ئێکراکەی تیادا دەژیوو دەیبینن » ، بەڵام هەر لە کتێبی « شجر الغابه الحجری »دا کە وەزارەتی ڕاگەیاندن چاپی کردووە ، « طراد الکبیسی » لە لاپەڕە « ٣٢-٣٣ »دا لەمەش زیاتر دەڵێت : « لەبەر ئەوەی هوشیاریی خەڵکی لەچاو داهێنەرەوە ، ئەنەبەرە .. بڕیە زۆر جار ئەو بزاڤییەی کە دەکەوێتە نێوان خوێنەرو داهێنەرەوە ، لێی بابەتە شوورە بۆ خۆ دروستکردنانەیە کە ئەقڵی خوێنەر بە دەورەی خۆیدا دەیکات » پاشان دەڵێت : « خوێنەری چاك .. دەبێت ڕۆشنبیرییەکی قووڵی هەبێت ، یان بەڵای کەمەوە بەقەدەر شاعیر (هونەرمەند)ەکە ڕۆشنبیریبێتو ، بتوانێت لە پێشکەوتنە نوێیەکانی فیکرو هونەر لە جیهاندا بگات » .

بەڵام کاك احمد بە چەند وشەیەکی سووکە دەست دەیەوێت ئەم ڕاستییانە بسڕێتەوە کە خەڵکی لەبری ئەمەنیان بە تاقیکردنەوە پێیکەیشتوون ، بڕیە هەر لە خۆی دەپرسم کۆمەڵەکەی ئێمە لەسەدا چەندی خوێندەوارە تاوەکو بتوانێت ئاگای لە - پێشکەوتنە نوێیەکانی فیکرو هونەر بێت لە جیهاندا - ؟ تاکو ئێوە وا بزانن من مەسەلەکەم « کردووە بە دژکردارێکی نەرجسییانە بۆ دەربڕینی ڕاتبیەتی تاکە کەس » ..! چۆنیش ؟ « لەسەر حیسابی جووڵانەوەی کۆمەڵو .. هتد » دیارە ئەگەر هەموو شتێك وەکو هەواڵی ڕۆژنامە بخوێنرێتەوە ، ئەم

بڕوانە ل : ١١

تەلەفزیون

شانۆگەری «هونەر وژیان» وچەند سەرنجێك

مەسعود جەوهەر پەرتشان

ماوەیەك لەمەوبەر ، تیپی « هونەرووێژەی کوردی »لقی هەولێر لەتەلەفزیۆنی کەرکوکەوە شانۆگەری« هونەروژیانی » پێشکەشکرد .. ، کە لەنووسینو دەرهێنانی « مەهدی نومید گەرمیانی »بوو .

ناوەڕۆکی شانۆگەریەکە ، بەکورتی بریتیبوو لە « نەمانی دەرەبەگایەتی ... بەرهەڵستی کردنی بیری کۆن .. بن بڕکردنی کۆنەپەرستی .. سەندنەوەی زەوی لەدەرەبەگەکانو دابەش کردنی بەسەر جوتیارەکاندا .. پێویستی کارکردنی هەموو مرۆڤێكو بەرهەم هێنان بەنارەقەی نێوچەوان .. هەوڵدان بۆ ئەوەی ئافرەتی کورد بێتە ڕیزی خزمەتکردنی هونەری کوردی .. دادپینی پەچەی خەوش لەڕووی نەرێتە کۆنەکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری .. هتد »

لایەنە باشەکانی شانۆگەریەکە :

● لەڕاستیدا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ، بەشداری کردنی ئەو هونەرمەندە لاوانە بوو ، کە بۆ یەکەمجار دەوری ئواندنیان بینیوەو ، سەرکەوتنێکی چاکیشیان تیدایدا وەدەستهێنا ، بەتایبەتی - سەردارو خوشکە نیران شێتەکان - .

● ناوەڕۆکی شانۆگەریەکە، زۆر هێمنانە هەوڵی جارەسەرکردنی هەندێ لە نەخۆشییەکانی کۆمەڵایەتیمان دەدا ، بۆ نموونە « کەسەردار ، دەچێتە لای شێتەکانی شێتخانەو ، گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات ، لەهۆی شێتبوونی هەموویان دەکۆڵێتەوە » وەدواجارکە « دەیکا بەشانۆگەریەکو پێشکەش دەکرێ » لێرەدا شانۆگەریە ڕاستەقینەکە ، بەشێکی کرێ لێجیادەبێتەوە ، کە ئەویش دروستکردنی بانیشاندانی واقیعێکی ترە لەمەسەلەکانی ناوەخۆیداو چارە بۆ دووەمیان دەرنەچووە .

● [illegible] لە سەردار بەخولەی [illegible] باوکی دەڵێت [illegible] پێویستە هەر کەس بەدەست و بازووی خۆی کار بۆ خۆی کاتو بەنارەقەی ناوچەوانی بەرهەم وەدەست بێنی » وە لەدوای ئەوەشدا ، کە منالانی [illegible] بارام بەگ » « سەردارو [illegible] ی خرشکی » کە هەوڵی [illegible] وەدەدەن خولەی خزمەتکار [illegible] لەنۆکەری باوکیان بهێنێو ، چێتە جێگایێك بۆ خۆی کار کات ، کاتێ خولەش بەگوێیان دەکاتو واز لەنۆکەری دەهێنێ .. هەوڵدانێکی بەسوودە بۆ پێشەکێش کردنی ڕەگەو ڕیشەی دەرەبەگایەتیو نەمانی چەوساندنەوەی یەکتریو دواهێنانی کۆیلایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ، کە تائێستاش کۆتایی پێنەهاتووە .

دەربارەی نووسینەکە :-

● ئەگەر چی ، نووسەری شانۆگەریەکە ، هەوڵێکی چاکیداوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانەی کە ناوەڕۆکی شانۆگەریەکەن .. بەڵام من وەکو بۆ ڕوون بووبێتەوە ئەوەیە ، کە نووسەر زۆر بەبەلە نووسیویەتیەوەو ... بەنیوەچڕی مەبەستی هەندێ شتی وەدەست هێناوە ، بۆنموونە : لەو ڕوایە دایە ، هیچ مرۆڤێك تەنها بەبینینی شانۆگەریەك ، ڕای خۆی بگۆڕێو بڕوای بەو بیرەی نەستێنێ کە تا ئەو کاتیش لەگەڵیدا ژیاوەو ... جگە لەمەش لەدەقی کاتا بڕوابەو شانۆگەریە بکات کە دژی خۆیەتیو دواجار کچو کوڕی خۆیشی بەشداری ئەوەو شانۆگەریەیان کردووە ، وەهەروەها تا ئامادەبوونی لەئاهەنگەکەدا دوژمنی هونەر بووەو ، بڕوای بەهیچ جۆرە پێشکەوتنێك نەبووە ... جا لێرەدا پێویست بوو کاك « مەهدی نومید » زیاتر ئاگاداری ئەم خاڵە بوایەو ، بەمەوزوعی چارەی ئەومەسەلەی بکردایە ، لەبەر ئەوەی شانۆگەریەکە هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی ، هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ڕای بارام بەگ بەرامبەر بە هونەرو پێشکەوتنو ڕەش کردنەوەی بیرەکانەکەیەتی .. لێترچێن بەوسانایی بە ئێمە دەتوانێن ڕای بارام بەگ بگۆڕێو ، تەنها بەبینینی شانۆگەریەك وای لێبکەین بڕوای بەهەموو جۆرە پێشکەوتنێك هەبێت .

● وە بۆ زمانی نووسین ، من لەو بڕوایەدام ، پێویستە زمانی نووسینی شانۆگەری بەپێی دەورەکانو کاتی ڕووداوەکانو شوێنیان بێت .. بۆنموونە : « خولە » کە نۆکەری « بارام بەگە »و ... بەچکە کوردێکی کرمانجە ، چۆن ئەتوانێ بەوسانایی بە زمانی خۆی بگۆڕێو بەزمانی شارستانێك بدوێت ؟ بۆ بەکوردێکی پەتی لادێیی ... یا بەزمانی جوتیارێك نەدوێ ؟ کە زیاتر مەبەستەکە ڕوون دەکاتەوەو ، لەلایەنی هونەرپێشەوە پڕ بەپێستی خۆی سەرکەوتن وەدەست دێنێ .

دەربارەی دەورەکان : -

« عبدالرزاق شمس الدین » کە دەوری خولەی خزمەتکاری بینیوە ، لەهەندێ کاتا ، بە تایبەتی لەسەرەتای دەست پێکردنی شانۆگەریەکە تا ئاوەڕاستی بەمرۆڤێکی گوێ گرای دەوری بینی ، چونکە هەر قسەیەکیان لەگەڵیدا دەکرد بەپێنج شەش جار لێنجا تێیدەگەیشت ... بەڵام نازانم بۆ لە هەندێ کاتی تردا ، بەتایبەتی لەوکاتەی کە دەرکرا یابڵێین ڕۆیی ، هەر جی قسەیەکیان لەگەڵیدا کرد بەسانایی تێی دەگەیشتو ، هەرزوو وەڵامی دەدانەوە . لێرەدا ئاوەژویی - تناقض - هەیە دا دەبێ بۆ لەسەرەتادا ڕێگران بوو ، لەکۆتاییدا چاك بووەوە نەمە دەگەڕێتەوە سەر دەرهێنەرو ، پێویستبوو ئاگاداری بوایە .

● داپەش کردنی دەورەکان بەپێی تەمەنی گونجاو بۆ هەر دەورێكو لەهەر شانۆگەریەکدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆسەر کەوتنی ئەو شانۆگەریە لێرەدا هەندێ لە دەورەکان لەگەڵ تەمەنی هەندێ لەهونەرمەندەکان نەدەگونجا بۆ نموونە: « سەرۆك تیپ » کەدەبێ هەر جۆنێك بێت تەمەنی لە ٣٠ ساڵ کەمتر نەبێت کەچی لەم شانۆگەریەدا لەشێوەی لاوێکی جوانکیلە دەچوو ، کە تازە بگاتە تەمەنی موراهەقەو ئەو هونەرمەندانەی کە دەوری - شێت - یشیان بینیبو هەر بەم جۆرە .. جا پێویست بوو بۆ چارەکردنی ئەو شتە ماکیاج دەوری خۆی ببینیایە .

چەندسەر نجێکی تر :

● ئەو خاڵەی کەلە سەرکەوتنی شانۆگەریەکەی کەم کردبووەوە ، دەنگ زۆر ناڕێك تۆمارکرابوو . مرۆڤ بەچاکی تێی نەدەگەیشت ، هەندێ جارزۆر کردەبوو کە کەس تێی نەگات و لەهەندێ کاتیشدا بەچەند وشەیەکیان لەگەڵیدا کرد بەسانایی تێی دەگەیشتو ، هەرزوو وەڵامی دەدانەوە . لێرەدا ئاوەژویی - تناقض - هەیە دا دەبێ بۆ لەسەرەتادا ڕێگران بوو ، لەکۆتاییدا چاك بووەوە نەمە دەگەڕێتەوە سەر دەرهێنەرو ، پێویستبوو ئاگاداری بوایە .

● **دابەش کردنی تیشك زۆر کاردەکاتە سەر شانۆگەری .. بەڕاستی دابەش کردنی تیشك لەم شانۆگەریەدا لەقیمەتی کەم کردبووەوە .**

● **پێویستە زیاتر بایەخ بەدیکۆر بدرێتو ، بۆ هەر شێوێنێکی تایبەتی دیکۆرێکی ، تایبەتی دروست بکرێت ... نیستا لەوشانۆگەریەدا زۆر بەسانایی هەست بەوە دەکرا کەدەقی مانی بارام بەگەڕاوە بەشێتخانەو دواجار بەنەخۆشخانە .**

ئەم سێ خاڵەو چەندانێکی تر کەماوە نیە لێرەدا باسیان بکەم دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەمی بایەخ پێدانی کادیرە هونەریەکانی ئەلەفزیۆنی کەرکووك . لێرەدا پێویستە زیاتر بایەخ بەم جۆرە شتانە بدەنو هەوڵ بدەن لە شانۆگەریە کوردیەکانی تردا دووبارە نەبێتەوە . چونکە سەرکەوتنی شانۆگەری تەنیا دەوربینینی سەرکەوتوو نیە ، بەڵکو پێویستە ئەم لایەنانەش فەرامۆش نەکرێن و بایەخیان پێبدرێت .

لەکۆتاییدا ، هیوای سەرکەوتن بۆ نووسەرو دەرهێنەری شانۆگەریە کە کاك « مەهدی نومید »و هونەرمەندەکانی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی دەخوازمو .. هیوادارم لەوازی داهاتوودا شتی زیاتر سوود بەخش و سەرکەوتوویان پێشکەش بکەن .

هەندێ بیروڕا بەرامبەر هونراوە

بورهان مستەفا مەعروف

هونراوە : ڕەخنەی ژیانە بەڵام شاعیری عەراقی بەیانی ئەڵێ هونراوە : شۆڕشە لەسەر ژیان .... بەڵام ماموستای ناسراوەمان گوران ئەڵێ : هونراوەی ڕاستەقینە دەبێ بەتێنو نەمرێ لەبەر ئەوە نابێ ببەسترێ بەناوی کەسێکەوە کە ئەمڕۆ ناوی دەهێنێ سبەینێ لێی پەشیمانە یاڕوداوێکی واوە کە سبەینێ باری سەرنجت دەربارەی دەگۆڕێت .

لەسەرەتای هەناوانی مرۆڤەوە سروشتو کۆمەڵ دوهێلی موازی بوون بەرامبەر بەهێلی زاتێتی مرۆڤ لەجەهانی زاتێتی ئەودا سروشت سەرچاوەی تەلیسمو ئەفسون بووە کۆمەڵیش مایەی هۆشمەندی بووە بەم جۆرە شێوەو ناوەڕۆك لەمەی ڕیسمانی واقیعدا تکەڵاو بوونو کۆرپەی نازداری هۆنراوە لەدایك بوو ... هونراوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یە لەگەڵ ئۆزانی دیاردەکانی تر ، ئۆزاوەو پەرەی سەندووە هۆنراوە ڕەنگ دانەوەی ئەو واقیعە ماددیە کەلەمێشکی شاعیردا گێنگل ئەخواو بەهۆنراوە دەرئەبڕێ ..

گەلێ بیروڕا هەیە بەرامبەر هۆنراوە : بەلای ئەغریقیەکانەوە هۆنراوە : باشترین وێنەی مرۆڤایەتییە .. ، بەلای بۆنانیەکانەوە بەمانا داهێنانە، بەلای فەیلەسوفی یونانی ئەرستۆ هۆنراوە : لەحەقیقەت ڕاستە بەمەرجێك شاعیر بتوانێ بچێتە بنچو بناوانی ئەوکەسانەی کە لاسایی یان لەکاتەوە ، بەلای شاعیری ئینگلیزی سەدەی هۆنراوە یەکەم سەرچاوەی ڕوناکی یە کەئەزانی لائەبات بەلای شیلی هۆنراوە : شتێکی خوایی یە تەعبیر لەئەندێشە ئەکاو فراوانی ئەدا بۆی بەلای شاعیری تورکی نازم حیکمەت هۆنراوە : بالاترین پێشکەوتنی شارستانی یە .. غایەو وەسیلەیە لەیەك کاتا . . . چەکی دەستی چەوساوەکانە

جوانترین گوێکە بەو مەرجەی موکی هەموو مرۆڤایەتی بێت بۆ ئەوەی تەنها بەشکی کەم بۆی لێوەرنەگرێت ... بەلای شاعیر ئەمی- ئالیوت هۆنراوە : ڕاکردنە لەهەڵچونو خۆخواردنەوە ... بەلای تومانس کارلیل هۆنراوە : بیرەو تابیعێکی مۆسیقای هەیە ... بەلای ماثیوار نولە

★

وەرشەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی لەنێوانی «ڕۆشنبیری»یەوە

حسین عارف

لە هەر یلەیەکی نوێی کاروانی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەکدا ، ئەدەب وهونەر ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی زەحمەتو ئاڵۆز دەبنەوەو بە دەستیەوە گیر دەخۆن . چونکە بە سەرێك ئەوا ئەو یلەیەی لەوەبەر بانگیان بۆ هەڵدەداو کۆششیان بۆ دەکرد هاتۆتە دیو بەم بارەدا دەبێ سیماو ڕەنگو ڕووی خۆشیان بگۆڕنو شان بە شانی بوەستنو پشتی بگرن ، کە ئەمە کارێکی ئاسان نییەو وەختی پێدەوێ . بە سەرێکیتر ئەگەر توانیشیان ئەمە بکەنو پێی بگەن ، ئەوا سەر لە نوێ ئەرکی بانگ هەڵدانیان بۆ یلەیەکی نوێتری کاروانی پێشکەوتنەکە دەکەوێتە ئەستۆ کە دەبێ پێشبینی بۆ بکەنو تەکانی بۆ بدەن بە کۆمەڵگاکە .

سا ئەو ئەدەبو هونەرەی بتوانن ئەم ئەرکە گرانە بەجێ بێنن و لەو هەڵوێستە زەحمەتو ئاڵۆزە دەرچنو ڕێگای هەردەم بەرەوپێش چوونی خۆیان بدۆزنەوەو بیگرنەبەر ، ئەدەبو هونەرێکی بەهەقیانەت شۆڕشگێڕن .

بەڵام کێ ئەدەبو هونەر دێنێتە بەرهەم ؟!. دیارە ئەدیبو هونەرمەند . واتە ئەرکە گرانەکە لە ئەستۆی مرۆڤە ئەدیبو هونەرمەندەکەیەو لێرەوە ئینجا ئیتر مەسەلە دێتەوە سەر ڕادەی لێهاتوویی و زیرەکی و تێگەیشتنی ئەمان کە چەندە دەتوانن بە وردی ئاگاداری بزووتنی مێژووین و بچنە بنچو بناوانیەوەو بە هەستو بیرو هۆشی ناسك و وردبینیان بزانن ڕوو لە کوێ دەکاو لە کوێوە هاتوە ، تا بتوانن بینە ئاوێنەی یلە نوێیەکەو بڕوانێتە ئاسۆی یلە نوێترەکەش کە بە دوایدا دادێتو بانگی بۆ هەڵدەن .

لە ژمارەی پێشوودا وتمانی دوورو درێژی احمد سید علی بەرزنجیم دەربارەی شانۆگەریی (لالۆ کەریم) خوێندەوە کە تیپی شانۆگەریی زانکۆی سلەیمانی لە تەلەفزیۆنی کەرکووکەوە پێشکەشی کردووە . لە شوێنێکی سەرەتای وتارەکەیدا نووسیویە: « بە ڕاستی ئەتوانین بەبێ هیچ سێو دوویەك بڵێین کە ئەم بەرهەمەو پێشکەشکردنی بەو چەشنە نیشانەیەکی دڵخۆشکەرەو هەنگاوێکی سەرکەوتوانەی شانۆی کوردیی یە بەرەو گەشەکردن » .

بێگومان من لێرەدا شانۆگەریی یەکەم وەك کارێکی هونەری مەبەست نییە . بەڵام ئەوەم مەبەستە بڵێم : هەڵبژاردنی ئەو جۆرە باسانەو پێشکەش کردنیان نە دڵخۆشکەرەو نە هەنگاوێکی سەرکەوتوانەی شانۆی کوردیی یشە بەرەو گەشەکردن . چونکە بە ڕای من دواکەوتنە لە کاروانی پێشکەوتن . ئەم چیرۆکی (لالۆ کەریم)ە بۆ ساڵی (١٩٥٤) کە چاپکراو بۆ ساڵانی دوایی ترو تا چەند ساڵێکیش دوای شۆڕشی تەموزی (١٩٥٨) پەسەندو بەجێ بوو .. بەڵام بە پێستی یلەکە بوو .. هاوشانی کاروانەکە بوو .. ڕووی لە ئاسۆی دوا ڕۆژیش دەکرد ، چونکە دەرەبەگو دەرەبەگایەتی ڕیسوا دەکردو بانگی بۆ پێویستی نەهێشتنو فەوتاندنی هەڵدەدا . بەڵام بۆ ئێستا .. بۆ ئەم یلەیەی کاروانەکە دەیتە تەنها باسێکی مێژووییە . نێ خۆ باسە مێژووییەکەش ئەوە نییە بکرێ یا کرابێتە کارێکی هونەری ئەمڕو بۆ هەموو دەورو زەمانێك کارێکەر بێ .

کە شۆڕشێك لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدات و لە یلەیەکەوە دەیگوێزێتەوە بۆ یلەیەکی تر ، خێرو بڕەکەی بۆ دەبێو هونەر ، تەنها نموونەیەکە لەئەنجامیدا بەر بەرەڵلا دەبێ ئەدیبانو هونەرمەندان بەوە [illegible] ڕی سەربەستییەوە دژی زوڵمو زۆرو خراپەکاری ڕووی ڕەش و تاریکی یلەی پێشوو بنووسن . بەڵکوو ئەوانە بەزەم کردنی یلە نوێیەکەو ئینجا بانگ هەڵدانە بۆ نوێیەی پێشکەوتووتر . ئەم دیاردەی دواکەوتن لە کۆنەو گیرخواردن لە سەر یلەی جێهێڵراو ، بە زەقی لە شانۆی کوردیدا دیارەو زۆربەی زۆری ئەوەو شانۆی ڕۆژی لە ساڵانی پێشوودا پشکش کراون لەم بابەتە بوونو (لالۆ کەریم) نموونەیەکی هێجار زەقێتی .

زۆر ئەریتو ڕەفتارو ڕەووشتو خوو ، یا زۆر شتوەی فەسادو خراپە کاریو زۆرداری کە سالەهایەك لەمەوبەر لە کۆنەوە ای کوردە واریدا وەك (قاعیدە) باو بوون ، ڕاستە یا هەر زەماوون یا بوونەتە (شاز) . کە ی سەیر دەکەیت شانۆی کوردی و شانۆگەری ی وەسانی کورد ، هێشتا هەر وەك (قاعیدە)کەی جاران مامەڵەیان لە گەڵدا دەکەن . بێگومان ئەمە بێ ئاگایی لە ڕۆشنبیری و ڕووی کۆمەڵگایەکو دواجار پەقینەو دراکەوتن لە کاروان .

من دەزانم ئەو برایانەی لە کۆڕی شانۆدا چالاکی دەنوێنن ، هاواری نەبوونی ئەو بابەتە شانۆگەریانەیان لێهەڵدەسی کە من مەبەستمە . چاکە .. ئێوە ڕاست دەکەنو لەم ڕووەوە لە سەر هەقن . بەڵام منیش دەڵێم : ئەگەر مەسەلە گۆڕینی جیروك بێ بۆ شانۆگەری ، بڕچی دەگەڕێنەوە بۆ چیرۆکێکی ساڵی (١٩٥٤) کە ناوەڕۆکەکەی هەر لە بنەڕەتەوە چۆنە ئەستۆی مێژوو ..!؟ بڕچی چیرۆکێکی ئەم ساڵانی دوایی یە نەبێ بە مەرجێ دەسبدا بۆ شانۆ ؟!

Institut Kurde de Paris

شیعری نوێو داهێنانو تاقیکردنەوە

• عبدالله عباس •

چەند بیریکی راگوزاری دەربارەی ئەدیبو بەرهەمی ئەدەبی (٦)

ئەوەی لەم باسەدا ، ئەمانەوێ دەستی بۆ بکێشین ، لە رووی تاقیکردنەوەکانی شیعریەوە ، تواناو لێهاتووی داهێنانە لە شاعێردا ، ئەوەی راستی بێ ، دەست کێشان بۆ ئەم لایەنە ، بەپێی باوەرو بۆچوونی ئێمە ، شایانی لێکولینەوەو لێوردبوونەوەی راستەقینەیە ، چی لەلایەن ئەوانەوە بایەخدانی شیعریانهەیەو ، چی لەلایەن رەخنە گرەکانەوە ، دەست کێشانودوان لەم باسەش ، ئامان نیەو ، پێویستی بە وردبینیوورپایی هەیە ، وردبینیو وریایی :

بەوجۆرەی نرخی وشەو ،نرخی شیعر ئەپارێزێو ئەتوانێ هەقی راستەقینەی خۆی بداتیچی لای شاعیر خۆیو چی لای خوێنەر .

کە لە هەردوو حالدا ،ئەنجامەکەی بەرزکردنەوەی رادەی رێزی شاعیر ئەبێ ،لەناوخوێنەرەکانیا ، بەم جۆرە ئەبینین ، ئێمە ، خۆمان ،لەلایەنێکی زۆر گرنگی تاقی کردنەوەی شیعر ئەدەین .

دوێنێ ، هەمان گیروگرفتهەبوو .. بەلام :

وەلام وابێ ، شتێکیسەیرو نهێنی درکانن نیە ، ئەگەر بڵێین ، بایەخ نەدان ،بەپەروەردەی توانای داهێنانو فراوان نەکردنی بەهرە لەناوەوەی شاعیردا ، چەند شۆڕە سواری ئەم مەیدانەی لە بزوتنەوەی ئەدەبی کوردیمانا خست ، لێرەدا ،ئامانەوێ بەناونیشانەوە ئەم بەلگەیە ساغ بکەینەوە ، لەبەر دوو هو :

یەکەم :

دەستکێشان بۆ ناوو ناونیشان ، لەوانەیە بەپێی « کاڵو کرچی تاقی کردنەوەی رەخنەی ئەدەبی »مانو رانەهاتنی زۆربەی زۆری خوێنە رانمان بەم شەقڵە ئەدەبیە گرنگە « رەخنەی ئەدەبی »، کارێکی وابکات ، زۆر لە خوێنەران ، مەسەلەی دەست کێشانەکە ، لە گۆشەی ئەدەبیەوە سەرنج نەدەنو ، ئەمەش ، بەمانخاتە ، بێنەو بەرەیەکەوە ، کە ، هەر هیچ نەبێ ، ئیستا نامانەوێ بۆی بێنە کایەوە !

دووەم :

کە ئەم هویەیان ، دیار ترو مەوزوعیانە ترو هاوچەرخیانە تر خۆی فەرز ئەکات ، لەباری ئیستای بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیو تاقیکردنەوەکانیا ، چاکتر وایە ،خۆمان بە دۆزینەوەی وەلامی نوێ ،بۆ گیروگرفتە کۆنەکانی ئەم بزوتنەوەیەوە خەریك نەکەین ،بەلکو لەسەرمانە ، بەرەو بەکار هێنانی چاکتری وشەی کوردی لە شیعری نوێدا ، لە پاشە رۆژدا ، پرسیار بەرچاوبخەینو مەوزوعیانەو وردبینانە ، هەولی گەیشتن بە وەلام دانەوە بدەین .

دوای ئەم سەرەتایە :

زۆرمان لە کۆڕەکاندا ، کەبۆ خوێندنەوەی شیعر سازکراون ، گوێمان لەدەنگی تازە بووە ، یان لەسەر لایەڕەی رۆژنامەکان ، دەنگی نوێ ،لە شیعردا ئەخوێنینەوە ، توانای داهێنانی باش لەهەندێدەنگدا ، زۆر بە ئاشکرا خۆی ئەنوێنێ ، بەلام لەدەربڕینو « دروست کردنی شیعریدا » ـ ئەگەر ئەم وتنەگونجاو بێ ـ بێهێزی خۆی ئەنوێنێو ئەمەش ، وا ئەکات،شیعرەکە ، تامی شیعری کاڵو کرچ بێ ، چاوەڕێ ئەکەین ،بەرهەمی ترو .. هی تریش بەدوایا دێ ، بەلام بەداخەوە،هەر هەمان دیاردە بەزەقی دیارە :

« توانایەکی داهێنانی باش،بەلام بەکار هێنانێکی شەلو گێرو هەتا هەندێ جاریش ئیفلیجانە !! »

ـ جا ئەمە چۆنو .. بۆچی ؟!

لە وتاری داهاتودا وەلامی ئەم پرسیارە ئەدەنەوەو چاکتر ئەچینە باسەکەوە .

پۆستەی رۆشنبیری

نوسەرو رۆشنبیرەکان دەربارەی باری ئیستای رۆشنبیریمان ئەدوێن .. ـ ٢ ـ

سەلام مەنمی، پێویستیمان بەرەخنەی ئەدەبی وزانستی ومەوزوعیە ...

وەك لە ژمارەی رابوردوودا، رامانگەیاند ، لە چوارچێوەی لێکولینەوەو لێدوانێکی وردو بە سوودی باری ئیستای بە رەهەمی ئەدەبیو رۆشنبیریمان ، پەیوەندیمان کردوە ، بە ژمارەیەك لەنووسەرو رۆشنبیرانەوە ، خوێنەران ، لەماوەی بەرهەمەکانیانەوەو لەسەر لایەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان ، وەك نووسەرو رۆشنبیرانی ئەمرۆمان پێیان ئاشنابوون .

وا لەم ژمارەیەدا ، ئەو گفتوگویە بڵاوئەکەینەوە کە دەربارەی باری ئیستای رۆشنبیریمان ، لەگەل چیرۆك نووس ، کاك «سەلام مەنمی»دا کردومانە . بۆگومان خوێنەرانی بەرێز ، نووسەریان لەماوەی ئەو چیرۆکانەوە ناسیەوە ، کە وەك بەرهەمی تایبەتی خۆی چاپیکردوون ، یان لەسەر لایەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوی کردونەتەوە .

● لە کاك « سەلام »مان پرسی : باری بزوتنەوەی نووسینیچیرۆك لە ئەدەبی ئەمرۆماندا چۆن ئەبینن ؟!

ـ ئەتوانین بڵێین ، چیرۆکی کوردی، لە سەرەتای سالەکانی حەفتاوە ، تەکانی بەرەپێشەوەی داوەو لەرووی شێوە وە خۆی لە تەوقی تەنیا گێڕانەوەو قسەوقسەجوینەوە رزگار کردوە و بەرگێکی هونەری نوێی لەبەرکردوە ، لەرووی ناوەرۆکیشەوە ، هەنگاوی باشی ناوە ، لە بەر چاوخستنی نموونەی راستی ژیانو تەتەللاو هەلسوکەوتی مرۆڤی هاوچەرخدا . بەباوەری من ، ئەوژمی بەرەوپێشەوە چونەکە لە چیرۆکی کوردیدا ، رووبەرووی هەندی سەلبیاتو شێواویەك بووە ، کە لە بەرهەمی هەندێ چیرۆكنووسدا بەزەقی دیارە ، وەك زۆر دوورکەوتنەوە لە ئاسانی بەر چاوخستنی بابەتەکانو زۆر زیاد داپۆشینیبە پەردەی تەموومژ بە جۆرێ کە نایەلی چیرۆك خزمەتی راستەقینەی خۆی بە کۆمەڵ بگەیەنێ .

● **هەروەها لە کاك (سەلام مەنمی)مان پرسی : ئایا بەرای ئێوە ، هوی لاوازی رەخنەی ئەدەبی ، لە بزوتنەوەی ئەدەبیمانا چیە ؟ !**

ـ ئەمە راستەو باری رەخنە لە ئەدەبەکەمانا، لاوازە، وئێمە پێویستمان بە رەخنەی ئەدەبی زانستیو مەوزوعیە ، رەخنە دەوری رێکەنیشاندەر ئەبینیو بەرهەمی ئەدەبی بەوردی شیئەکاتەوەو ئەیخاتە بەرچاوی خوێنەر ، ئەم ئەرکەش ئاسان نیەو پێویستی بە بەهرەی لێ هاتوویو رۆشنبیری رەخنەگر هەیە ، بەڵام لای ئێمە تا ئێستا ، هەندێ لەو نووسەرانەی خۆیان لەم بوارەداوە یان ئەوەتە ئاستی رۆشنبیریان لاوازەو لە نووسینەکانیانا چەند (مصطلحات) یکی رەخنەیی ئەجوونەوە یان ئەوەتا ئەنیا لە چاوی بۆچوونی خۆیانەوە نووسین هەڵئەنگێنن ، بەم جۆرە ، نەیان توانیوە خزمەتی رەخنەو چەسپاندنی ئەم شەقڵە گرنگە لە بزوتنەوەی ئەدەبیمانابکەن . کە ئەمەش زۆر جێگای داخە .

ـ **لە دواییدا ، کاك «سەلام» باری سەرنجی خۆی دەربارەی مەسەلەی کەلەپوری میللیو کارتێکردنی بۆسەر بزوتنەوەی نوێی ئەدەب وچونیەتی سوود لێوەرگرتنی بەم جۆرە روون کردەوە :**

ـ ئاشکرایە کە ئیستامان درێژە پێدانی رابوردووەو لەسەر زەمینەی ئەو رابوردوە وەستاوینو چاومان بریوەتە پاشەرۆژو رەنجی بۆ ئەدەین ، لەبەر رووناکی ئەم راستیەدا سوود وەرگرتنی زانستیانەو هوشیارانە لە کەلەپووری میللی ، لەبەرهەمی ئەدەبی هاوچەرخدا ، ئەو بەرهەمە دەوڵەمەندو رەسەنئەکات بۆگومان ، کەلەپووری میللی ، ئەو لایەنە رووناك بینانەیە مەبەستە کە خزمەتی مەسەلەی ئەمرۆو پاشەرۆژمان لە بۆچوونی پێشکەوتنخوازانەوە ئەکات .

● **ئامادەکردنی : بەشی لێکولینەوەی ●**

دەنگی

وشەشیعرو ... مەرگ

محمود زامدار

● ئەر قەسیدەی نوێی (شارستانی !) بە خشتێکی بە بیتو رێژەنی ئەدەبی هاوچاخی کوردیمان بێت .. ئەوا بێگومان دوا ئەزمونو دوا بەخششی ئەم ئەدەبە هەڵچوە ، نیەو نابێو ڕەگەو ماکەکەی بەندە بە قەلسەفەی بەرەوپێشەوەچوونی ژیانو شیعرەوە ..!

(تێگەیشتنی) ئەم شیعرەیش هەروا بەختو خۆڕاییو لە رێی وەسفو وەسفکاریەوە نایەتەدی و وردە مەسەلە هەڵایساوەکانی ئەم قەسیدە نوێیە لە باوەش ئاگرینتو شتیکیش ناخاتە سەر مێزووی رەخنەی ئەدەبیمانەوە ، کەچی لەبەر رۆشنایی برۆژەکتەرەکانی رێبازی تۆژینەوەدا ، مەبەستە راستەکانی رەخنە ، دەها بتر بەنجە بازینەکاو خۆی ئەنوێنێ ..!! هەربۆیەشە ، ئەو کەسەی ئەبەوێ نەخوازەللا (رەخنەگر) لە پارچە شیعرێکی سەردەم بکۆلێتەوەو خۆی لە رۆخی جیهانی سەراسیمەی شیعرو شاعیر بخشێنێ ، ئەبێ بە گیانێکی زیندووی پر لە چۆژەوە رووی تێبکات .. یەکە دیاردەی ئەو ویستو رەخنەیەش،سەردەقشکاندنی (ووشە)و دنیای پر لە جادوبەندی (ووشە)یە ..! لێکۆلینەوەی ووشەو نرخاندنی ووشە ، راستە شەقامی چوونە نێو جیهانی پر لە خەونو هەستو خرستو حەزو زامو زریکەو ئارەزوەکانی شیعرو شاعیرە .. ووشەیش ، یەکە کەرەستەی باکو خاوی شاعیری زیرەکو لێهاتوە ..!! گەر یەکێ ـ هەریەکێ ـ ئەتوانێ بە عەشقێکی ئاگرینەوە ، مەلە لە زەریای بێبنی ووشەدا بکاتو لە هەمو دەنگو هاژەو شەڤڵو چرەو هەناسەو ستیەرو ئیقاعەکانی بکات، بەر لە (مانا) دابڵرساوەکەی ئەبێی ئەلوێ بەوردی شۆربێتە ناخی ناخەوەی شیعرو ئەبکۆلێتەوەو ئەچێزی لێ وەرگرێتو ئەسۆژوناسەی خۆی بیارزێرو ئەشیدەمەرگ بێتو ئەمیچ ..!!

● ووشە ئاشقەو ماشقەکانی شیعری نوێ ، ئەنیا (مانا)یەکی روتو ڕوتنیە ، ووشەیش ئەنیا لە زیو دنیای شیعردا مانای هەیە ـ چەشنە مانایەك ـ دەنا لە دەرەوەیدا شتێکی رووتو ردنگ پەڕیوو نا ڕێزەیە ..! لە نێو قەرەخەرەمانی ئەم شیعرەدا ، ووشە ئەبێ بە : مزگێنی ، هەست ، دەنگ بە ژیانو مێرووو سروشتو گەردونو شۆرشو وتەو مەردایەتی ..! وانیە ئەرکی (ووشە شیعر) ئەنیا لاسایی کردنەوەو تووتیو تووتیەوانی بێ ، چونکە لە گیانو خودی ئەو ووشەیەدا، هەزاران هەزار ، درامەاو ئەفسانەو ژانو ژوان حەشاردراوەو دەورێکی دیار لە جوڵانەوەو تێکچڕژانو زاخدانی ئەزموونەکانی شاعیری (راستەقینەدا .. !) ئەبینیو (زمانو ژیان) ئەکا بەیەك شتو یەك دەنگ ..!

شاعیری نوێش ،وانیە ئەنیا هەربۆ رەمزو بۆفشەو فشەبازی (ووشە) بەکاربێنێو یاریو ساتو سەوای لایەلایی لەتەکا بکات .. یا بیگلمێنێو بیکا بە لغەلغێکی زمانو بەس .. نابەلکو وەکو ئافەریدێکی زیندوی پر لە عەشقو پر لە ژیانو پر لە خەون ، سەودای لە گەڵا ئەکات .. هەروەکو چۆن دلدارێکی شەیدا ، سەرتا بەپای لەشو جەستەی یارەکەی لە هەمێز ئەکاو هەمو ئەندامەکانی ئەلاوێزێتەوەو زاخی ئەدات ، شاعیری شەیدایش ئاوا ..!

ووشەو شەبەنگە بەرۆژی ووشە ، لەلای ئەم شاعیرەدا ، کەمەرەی سیحرو جوانیەکی بێ پایانی بەستوەو هەزاران هیماو نیشانەی سەوزو نالۆزی لێ ئەکەوێتەوەو مانای تازەو زەرگ، فتکراو ئەدات بەدەستەوەو لە بەستەلەکی مانا گۆنەکەی دایئەپلۆسێو لە سنوری تەسك و تروسکی رۆژانەو فەرهەنگیانەی دەربازنەکاتو کاڵای ئاسنی بێ لەبەر ئەکاتو ئەیخاتە سەررێگای خەباتێکی بێ ووچانو رەندەوە ..!

(ووشە) لەلای شاعیری لێهاتووی شارستانیدا ، لە زاووزێ دایەو ژنێکی بەسزوو شفتە رێیە .. کۆترێکی بەدۆغە دۆغو گری رەشەبەهارێکی بڕ لە ئازارو هەڵچوونە .. گیانلەبەرێکی بەتواناو جیهانێك و ژنێکی سەرمزوو دەق نەشکاوە .. !! لە رێی ووشەوە ، تەجروبەو خەونو ژانەکانی خۆی لە ڕاڕەوو شادەماری دڵو دیدەو مێشکی خەلکیترا ئەچێنێ ..!!

ئەو هونەرمەندەی دڵداری لە گەڵ ووشەدا ئەکات، هەمو کونجو لایەنی ئەو دڵداریەی لاروونو ئاشکرایە ، بۆیە هیچ پێویستیەکی بەوەنیە ، تا بڕۆ (بەراوێز) یا (فەرهەنگۆکە) بۆ ووشە (قورسەکانی ..!!) نێو قەسیدەکەی بنوو سێتەوە ..!! چونکە ووشەی کرمی ئاوریشمانەی لای هونەرمەند ، غەیری ووشەی لای (رێواس فرۆش)ئکە .. (ووشە شیعر) غەیری ووشەو زمانی نێو بازارو راپۆرتو راپۆرتکاریو ژیانی رۆژانەی دڵساردو ووشك و برنگی ووشەیە ..!!

● جێی داخو نیگەرانیشە گەر بڵێم : بەشێکی زۆر لە (شاعیرانی ..!) ئەوەی ئەمرۆمان ، ئەم حەقیقەتەیان فەرامۆش کردوە .. یا هەر بە باشی نایزانێو بۆی ناچن ، یانە خۆیان لە مەرێکی تووشو ناقۆڵا لە نێوانی زمانو هونەر ژانو داهێناناا ، دانەنین .. وەکو بڵێی ، زمان یەکە دەستاوێژو کەرەستەی زاخداوی شاعیر نەبێت ..!؟ سەیریشنیە ، گەر ئەو جۆرە (شاعیرانە ..!) زوو سەر هەڵبەدنو بە تەنگەتاویش بکەونە لنگە فرێو بەمرن .. بەڵام چۆن مردنێ .. !!

دەنگی رۆشنبیری

ئەم نامەیە سەرنج رانەکێشیت

کاك محمد ملاحسین لە کولیجی ئەندازیاری بەغدا

نامەیەکی بۆمان ناردووە گلەییمان لێئەکاتو ئەڵێت :

(زۆر پێم سەیربوو کە ناوم لە ڕۆژنامە قشتەکەتان ژمارە (٣٥٧) رۆژی (چوارشەممە) ناوی خۆمدیت کە کورتە چیرۆکێکم بەناوی (رووداوێك لە سێتاقان) دا ناردووە ئەم شتە راست نیەو من هیچ شتیوام نەناردووە ئەمەشم نووسی بۆ دەست پاکی ئەدەبە ئیتر سوپاس .

ـ شیعر ـ

● **کاك نجم‌الدین عبدالله خلف ●**

نامەیەکمان بە دەستگەیشت لە لایەن کاك نجم‌الدین عبدالله خلف لە پۆلی شەشەمی ئەدەبی ئامادەیی « الاخوه » لە هەولێرەوە ، نامەکەش هۆنراوێکی تێدایە بە ناوی « من دەمەوێ گەشت بکەم » هونراوەکەش لاوازەو ناوەرۆکەکەی ئەشکە نجاوی‌یە بەڵام هیوادارم کاك نجم ئەم شتە لە هیمەتت کەم نەکات خۆ هەر خۆت لە نامەکەت ئەڵێی « من ئومێدەوارم لە بەشی راگەیاندنی کولیجی ئەدەبیات وەربگیرێم » پێویستیشە بە سەر ئەوەی ئارەزووی لە ڕۆژنامەگەری‌دا هەیە هەرگیز ڕەشبین نەبێتو پێویستە قوربانی بە زۆرشتدا . بەردەوامبە لەنووسینی شیعر ئەوەشت لە بیرنەچێت کە شیعر سۆزە .

● **کاك کمال رشید :**

نامەکەت دوو هۆنراوەی تێدابوو ، من لەو بروایەدام کە هۆنراوەی « ئەرەوینن » لەهی دووەم چاکتریوو . بەڵام تۆ ، لێرەدا ، هەر وەکو ئەو کابرا کوێرەوایت کە چەند نووسینێکی نایابی نوسی لە وەسفکردنی دلدارەکەی خۆی بێ ئەوەی ببینێت ، بێ ئەوەی بتوانی ببینێت .

شیعر تەنیا وشەنیە . ئەم عیبارەتە زۆر بە کەمی ئەکەوێ . جا ئەگەر شیعر تەنیا وشە نەبێ ، ئەی گوایاچی‌یە ؟

یەکەم : شاعیر مرۆڤە بێویستە رێزی مرۆڤایەتی خۆی بگری . دووەم هەژانەوەکانی پێویستە راستگۆیی ئەگینە سوودی چیە هەر چەندە رنگوپێکو جوان بێ . سوقرات ئەیگوت «خۆت بناسە » ئەم سەردەمەش ئەڵێن «سۆزەکانی خۆت بناسە » چونکە ئەگەر سۆزەکانی خۆت نەناسی هەرگیز ناتوانی بەهیچ شتێك هەڵبستیت . ئاخۆ تۆ لەگەڵ من‌نی کە پێویستە تاقی‌کردنەوەکانی خۆت بەلێکولینەوەی سایکۆلۆژی بیەسینیەوە ، تاکوبزانی بۆچی یدەکەنین بۆچی دەگرێین ، بۆچی دلشاد ئەبین ... بۆچی شیعر دەنووسین ؟

● **کاك کمال صابر عزیز**

ـ ئامادەی سلێمانی کوڕان :

وشەی (ڕامال ناکات) لەکوردی‌دا نیە بەلکو ڕاستی‌ـ یەکەی (ڕانامالێ) ئنجا ناونیشانی هۆنراوەکەت ئەبێت بە (گەردەلوول خەمەکانم ڕانامالێ) . لە راستی‌دا شیعرەکەت ناسکە بەڵام لەتوانات‌دا نەبووە لەگەڵ شیعرەکە تا کۆتایی بڕۆی .

● **کاك جمال محمود حامد:**

ئەم جارەیان نامەکەت سەروسوراغی هەیە بەڵام ئایا توش لەو بروایەدا نی کە جێگای خۆی نی‌یە شیعری وا بڵاوبکەینەوە خۆ ئەگەر بڵاوبکرێتەوەش نابێت بە (دەرسێك بۆ باوەژنەکەی خۆتو چەندەها باوەژنی تو) وا دیارە باوەژنەکەی خۆت ئەو ئیلهامی شیعرت بۆ ئەهێنی کەواتە ئەگەر خۆی ئەمینیت ئیلهامی شیعربشت نامینی . خوا یارمەتیت بداو ئەوەی بەسەر تۆ هاتووە بەسەر کەسی‌تر نەبێ . ئامین .

● **کاك عزیز مەلا علی سەراوی بصرە :**

شتێکی ئاسانە بۆمان ساغ ببێتەوە کە باوکت پێشکەوتنخواز نەبووە . هەر وشەیەك لە وشەکانی شیعرەکەدا ئەمە ئاسەلێنن من وا ئەڵێم چونکە شیعرەکە تەنیا ڕێکخستنی چەند وتەیەکەو لەمە زیاتر نیە .

● کاك بەهرۆز کوێستانی (سلێمانی)و کاك شاکر فاتح (سلێمانی)و کاك کامران حسین محمد (سلیمانی) و کاك انور محمد احمد (سلێمانی)و کاك کامران حمه صالح عبدالله (سلێمانی) : تکا لەم برادەرانە ئەکەین پێرەوی ئەم خاڵانە بکەن : لەسەر یەك دیوی لاپەرە بنووسن ، پەرەکەوا باشترە فولسکاپ بێتو ، خەتەکە بخوێندرێتەوە . ئیتر سوپاس ..

ـ پەخشان ـ

● **ئیمپەراتۆر (چیرۆك) :**

لە هەولێرەوە کاك شیرازاد کاکەسور اسماعیل چیرۆکێکی سەیری بۆمان ناردووە بە ناونیشانی (ئیمپەراتۆر) دەربارەی شتێتك ئەدوێت‌ناوی (ئیسۆ)یە ئەیەوێت بەهەموو گێلاتی خۆی حوکمی جیهان بکات .

● دەنگی نارەزایی (وتار) :

نوسراوێك بە ناونیشانی (دەنگی نارەزایی) لەلایەن کاك ئاسۆی پیرۆت ـ سلێمانی بە دەستمان گەیشت بەڵام نووسینەکە بەداخەوە لەسەر هەردوو دیو نوسراوەتەوە . داوا لەکاك ئاسۆ ئەکەین بۆ چارێکی تر ئەم هەڵەیە نەکات چونکە هەر نوسراوێك لە هاوکاری‌دا بڵاوبکرێتەوە ئەبێ تەنیا لەسەر یەك دیو نوسرابێ .

● **ئەمیش رژێمی گومراوی کردی (چیرۆك) :**

لە کەرکووکەوە نامەیەکان بەدەست گەیشت لە لایەن کاك ئەرنجۆ ، نامەکە چیرۆکێکی تێدابوو بەناونیشانی (ئەمیش رژیمی گومراوی‌کردی) .

من لەو بروایەدام کە ئەمە سەرەتا پەلە کوتێکردنتە چونکە رەخنەی دورستکەر هەروەکو رونا‌کی‌یەکە . لەراستی‌دا ، زۆر بەنامەکەت بێ خۆش حال بووم‌و هەمووم خوێندەوە ، منیش لەگەڵ تۆدام کە شیعرەکانت (هەژارین، ئامانج ، کوردستان ، هەستە بەیانە) پیشانی مامۆستاکەت حسن جاف بدەیت هەمووو هیواشم ئەوەیە کە یارمەتیت بدات .

چیرۆکەکەت خراپ نیە ، بەڵام هەموو ئەو شتانەی باسکردوە شتێکی‌وا تازەی تێدا نیە .

حەزم ئەکرد نامەیەکی تایبەتیت بۆ بنێرم بەڵام تا ئیستا ناوتم بۆ ساغ نەبۆتەوە زۆر شت هەیە پێویستە ئەدیبی تازە شارەزای بێت .

چەند وەلامیکی کورت

● **کاك سمکو طالب داود :**

سوپاسی هەستی بەرزت ئەکەین لەمەو پاش هەر نامەیەك بۆ رۆژنامە بێت ، ژمارەیەکی تایبەتی خۆی لەسەر دەنوسرێتو چاوەروانی بڵاو کردنەوە ئەکات .

● کاك ابراهیم عثمان رشید ـ هەولێر :

ئیستا چوار نامەی تۆم لە پێش دایە یەکێکیان بۆ روشن‌ـ بیری نوێیە ئەوانی تر بۆ هاوکاری‌یە.ژمارەی داهاتووی هاوکاری چاوەروانی وەلام بە.

Institut Kurde de Paris

میوانداری کۆشک کۆماری

دوێنێ به‌یانی به‌ڕێز د.عام عبدالرشید وه‌کیلی وه‌زاره‌تی دارایی سه‌ری له کۆشکی کۆماری داو به‌ بۆنه‌ی گه‌ڕانه‌وه‌یه‌وه له ده‌ره‌وه‌ی وولات ناوی خۆی له ده‌فته‌ری میوانداری‌دا تۆمارکرد .

هه‌روه‌ها دکتۆر فریدان ئه‌میندار گشتی‌ی به‌کێتی ئازانسه‌کانی ده‌نگوباسی عه‌ره‌بی سه‌ری له کۆشکی کۆماری‌داو به‌بۆنه‌ی بوونی له به‌غدا ناوی خۆی له ده‌فته‌ری میوانداری‌دا تۆمارکرد .

به‌ڕێز صدام حسین بروسکه‌یه‌کی سوپاسنامه‌ی له‌جێگری سه‌رۆکی کۆماری میسری عه‌ره‌بیه‌وه پێ ئه‌گات

به‌ڕێز صدام حسین جێگری سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش بروسکه‌یه‌کی سوپاس نامه‌ی له به‌ڕێز محمد حسنی مبارك جێگری سه‌رۆکی کۆماری میسری عه‌ره‌بی به‌بۆنه‌ی دوایی هاتنی سه‌ردانه‌کی بۆ وولات پێ ئه‌گات .

ئه‌مه‌ش ده‌قی بروسکه‌که‌یه: برای خۆشه‌ویست به‌ڕێز صدام حسین جێگری سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش .

به‌بۆنه‌ی دوایی هاتنی سه‌ردانه که‌مان له عیراقی ده‌سته‌برا خۆم به به‌ختیار ئه‌زانم که دلسۆزترین نیشانه‌ی سوپاس و مه‌مونیه‌تتان بۆ بنێرم بۆ ئه‌و پێشوازیه به‌ڕه‌سه‌نه‌ی له لایه‌ن ئێوه‌و له لایه‌ن طه معروفی براو هه‌موو ئه‌و برایانه‌ش که چاوم پێیان که‌وت پێشوازی کرام .

ئه‌و به‌یوه‌ندیی‌یه به‌هێزو رایه‌ڵه توندو تۆڵانه‌ی هه‌ردوو وولاته که‌مان‌و جه‌ماوه‌ری هه‌ردوو گه‌ل به‌یه‌که‌وه به‌ستۆته‌وه ، به‌یوه‌ندیه به‌ستێکن له چوارچێوه‌ی یه‌ك کاروانی ئه‌ته‌وه‌یی‌و نامانجی هاوبه‌شی عه‌ره‌بی‌یه‌وه شانازیان پێوه ئه‌که‌م .

ئالیزه‌وه‌یه که سه‌رۆك محمد انور السادات به‌ته‌نگ به‌رده‌وام بوونی راوێژو به‌یوه‌ندیی کردنه له‌گه‌ڵ سه‌رۆك احمد حسن البکرو سه‌رکرده عیراقیه‌کانی برای‌دا له پێناو به‌رژه‌وه‌ندیی ئه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌بدا له‌کاتێك‌دا سلاوو رێزی خۆمتان بۆ دووپات ئه‌که‌مه‌وه تکام‌وایه راسترین سلاوم به ته‌ندروست باشی‌و به‌ختیاریی‌و سه‌رکه‌وتن بۆ هه‌ووتان‌و هه‌موو به‌کێکیش له ڕۆله‌کانی گه‌ڵی عیراقی ده‌سته‌برا لێقبوڵ بکه‌ن .

محمد حسنی مبارك
جێگری سه‌رۆکی کۆماری
میسری عه‌ره‌بی
ئا.د.ع

دوێنێ لیژنه‌ی ڕێکخستنی ناوه‌ندی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی کۆبۆته‌وه

دوێنێ هاوڕێ بورهان الدین عبدالرحمن ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی فطری حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست ، وه‌زیری ده‌وڵه‌ت بۆ ڕێکخستنی کاروباری ناوه‌ندی‌و ده‌زگاکانی ئۆتۆنۆمی، سه‌رۆکایه‌تی کۆبوونه‌وه‌ی لیژنه‌ی ڕێکخستنی ناوه‌ندی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی کرد‌و باسی چۆنیه‌تی جێبه‌جێ کردنی بڕیاره‌کانی پێشوی لیژنه‌که‌و کراو دیسان پێویستیه‌کانی هاوولاتیه‌کان له ناوچه‌که‌و ڕێگای ڕاپه‌راندنیان‌و فراوان کردنی خزمه‌تگوزاری باس کران .

گفت‌وگۆ ده‌ربا‌ره‌ی پره‌پێدانی په‌یوندی هاوکاری نێوان لاوانی عێراق‌و یه‌کێتی سۆڤیه‌ت

موسکۆ -١٨-ئا.د.ع :

گفتوگوی نێوان وه‌فدی یه‌کێتی گشتی لاوانی عیراق به‌سه‌رۆکایه‌تی به‌ڕێز کریم محمود وه‌زیری لاوان‌و سه‌رۆکی یه‌کێتی‌و وه‌فدی ڕێکخراوی لاوانی سۆڤییه‌ت به‌سه‌رۆکایه‌تی به ڕێز تجنیکوف سکرتیری یه‌که‌می ڕێکخراوه‌که له موسکۆ ده‌ستی‌پێ کردوه .

هه‌ردوولا له ڕێکاکانی به‌ره‌پێدانی به‌یوه‌ندی هاوکاری نێوان هه‌ردوو ڕێکخراو کاروباری جیهانی لاوان دوان.

به‌ڕێز تجنیکوف مدحی ده‌وری یه‌کێتی لاوانی عیراقی کردوه له بزوتنه‌وه‌ی لاوانی جیهانی‌داو ئامادەیی کومسه‌ول‌ی ده‌ربڕی وه‌بۆ پته‌وکردنی هاوکاری له‌گه‌ڵ یه‌کێتی گشتی لاوانی عیراق له‌کونگره‌و میهره‌جانه له‌لایه‌کی تره‌وه ، وه‌فده‌که له‌گه‌ڵ به‌ڕێز یانایف سه‌روکی لیژنه‌ی ڕێکخراوی لاوان له یه‌کێتی سۆڤییه‌ت کۆبۆته‌وه‌و هه‌ردوو لاباری بیروڕای خۆیان ده‌رباره‌ی زۆر کاروباری سیاسی‌و لاوانی جیهان که هه‌ردوولایان بایه‌خیان پێ‌ئه‌ده‌ن به‌رچاوخستوه .

هه‌ردوولا ده‌ربڕیان له‌وه‌ی که هه‌ردوو ڕێکخراوی لاوان به‌ته‌واوی ده‌ستیان له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی ده‌یانه‌وێ ده‌ست‌وه‌ردان له کاروباری ناوخۆیی وڵاته‌کانیان‌دا بکه‌ن .

هه‌ردوولا ده‌ربڕیان له‌وه‌ی که ڕێکخراوی لاوان به‌ته‌واوی ده‌ستیان له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی ده‌یانه‌وێ ده‌ست‌وه‌ردان له کاروباری ناوخۆیی وڵاته‌کانیان‌دا بکه‌ن .

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش بڕیاری له سه‌ر به‌رده‌وام بوونی بانقی عه‌قاری دا به قه‌رزپێدانی ئه‌وانه‌ی یاسای چاودێری کردنی توانا‌داره‌کان ئه‌یانگرێته‌وه

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش بڕیاری‌کی ده‌رکرد ، که‌به‌پێی ئه‌و بڕیاره بانقی عه‌قاری به‌رده‌وام ده‌بێت له قه‌رزپێدانی ئه‌وانه‌ی یاسای چاودێری کردنی توانا‌داره‌کانی ژماره ((١٥٤))ی ساڵی ١٩٧٤ ئه‌یانگرێته‌وه به‌پێی هه‌مان ئه‌و مه‌رجو ده‌ستووره‌ی پێش‌ده‌رچوونی بڕیاری ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕشی ژماره ((٦٥)) که له ١٧-١-١٩٧٧دا ده‌رچووه .

ئه‌نجومه‌ن قه‌رزی بانقی عه‌قاری به میقدارێك داناوه که نابێ له ((٤)) هه‌زار دینار تێبه‌ڕێت ، سه‌ره‌ڕای قه‌رزی خاوه‌ن توانا‌کانیش که له یاسای چاودێری‌کردنی خاوه‌ن توانا‌کان‌دا دیاری‌کراوه .

هه‌روه‌ها هه‌ردوو قه‌رزه‌که به‌یه‌که‌وه‌ی وا داناوه که نابێ له ((٥٠)) مانگانه‌ی ((اسمی)) تێبه‌ڕێت ، وه ڕێژه‌ی ئه‌و لێبڕینه‌ی لێشیان ئه‌بڕێت نابێ له ٥٠٪ی مانگانه‌ی ((اسمی)) و ((مخصصات غلاء المعیشه)) تێبه‌ڕێت ، جگه له‌وه‌ی به‌یوه‌ندیی به نه‌فه‌قه‌ی شه‌رعی‌و ماره‌یی دواخراوه‌هه‌یه که قه‌رزی خه‌زێنه‌ن .

هه‌روه‌ها ئه‌نجوومه‌ن قیست‌کردنی هه‌ردوو قه‌رزه‌که‌ی به‌سه‌ریه‌که‌وه واداناوه که نابێ له‌ماوه‌یه‌ك که له ((٢٠)) ساڵ تێبه‌ڕنه‌کات به‌شێوه‌ی قیستی مانگانه‌یه‌کی نه‌گۆڕ- بدرێته‌وه ،وه نرخی فازانجیش به‌سه‌ر قه‌رزی عه‌قاری به‌پێی بڕیاری ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردا- یه‌تی شۆڕشی ژماره ((١٠١)) که له ٧-٢-١٩٧٤دا ده‌رچوو ، بچه‌سپێنرێت .

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش بڕیاری بنکی هێنانی ده‌زگای ئاماده‌کردنی کۆنگره‌ی گشتی یه‌کێتی کۆمه‌ڵه فه‌للاحیه‌کان‌و هه‌ره‌وه‌زه‌کاری یه‌کان داوه

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش له کۆبوونه‌وه‌ی ڕۆژی پێنج شه‌مه‌ی ڕابوردودا ، بڕیاری‌دا به پێکهێنانی ده‌زگای ئاماده‌کردنی کونگره‌ی یه‌کێتی گشتی کۆمه‌له فه‌للاحیه‌کان‌و هه‌ره‌وه‌زکاری-یه‌کان که ئه‌و ده‌زگایه وه‌ك مه‌کته‌بی ته‌نفیزی ئه‌بێ .

بڕیاره‌که ، ڕێگای به‌دن به‌پێی یاساو سیسته‌می ده‌زگاکه‌داوه که :

١ - لیژنه‌ی لقی له پارێزگاکان دروست‌بکات .

٢ - سه‌ربه‌رشتی هه‌ڵبژاردکراوی لیژنه لقی‌کانی ئاماده کردن له پارێزگاکاندا موربکا .

٣ - پاره بۆ کونگره خه‌رج‌بکات ، پاره‌ی سه‌رف‌کراوی لیژنه لقی‌کانی ئاماده‌کردن له‌به‌ر‌کردن له‌به‌ر‌کردن له‌به‌ر

له به‌یاننامه‌یه‌کی هاوبه‌شی‌دا

عراق‌و فیتنامی سۆشیالیستی پشتگیری خۆیان له خه‌باتی گه‌لی عه‌ره‌بی فه‌له‌ستین دووباته کرده‌وه

عیراق‌و فیتنامی سۆشیالیستی پشتگیری ته‌واوی خویان له‌و خه‌باته قاره‌مانانه‌یه تازه کرده‌وه که گه‌لی عه‌ره‌ب به گشتی‌و گه‌لی عه‌ره‌بی فه‌له‌ستین به تایبه‌تی دژی ده‌ستدرێژی به‌رده‌وامی زایۆنیزم ده‌یکه‌ن له پێناوی رزگارکردنی هه‌موو خاکه داگیرکراوه‌کانی عه‌ره‌ب‌و وه‌دی هێنانی هه‌موو مافه نه‌ته‌وایه‌تیه ره‌واکانی گه‌لی فه‌له‌ستین له خاکو نیشتمانی خۆیدا .

له به‌یاننامه‌یه‌کی هاوبه‌شدا که دوێنێ له به‌غداد هاتۆته ده‌ربارەی سه‌ردانی به‌رێز نیگوین زوی تینه ئه‌ندامی مه‌کته‌بی سیاسی حزبی کومونیستی فیتنام‌و جێگری سه‌رۆك وه‌زیری ده‌ره‌وه بلاوکرایه‌وه ، هه‌ردوو ولات پشتگیری خۆیان بۆ خه‌باتی گه‌لی عه‌ره‌بی فه‌له‌ستین‌و به‌رگری چه‌کدار له ناوه‌و ده‌ره‌وه‌ی فه‌له‌ستینی داگیرکراودابۆ ده‌رکردنی زایۆنیزم‌و رزگارکردنی هه‌موو خاکی فه‌له‌ستین ده‌ربڕیوه .

وه‌فدی حزبی کۆمۆنیستی فیتنام پێرۆزبایی له حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سوشیالیست کرد به‌بۆنه‌ی سی ساله‌ی دامه‌زرانیه‌وه‌و ستایشی ده‌وری مێژوویی حزبی کرد له سه‌رکردایه‌تی گه‌لی عیراق‌دا دژی ئیستعمارو بۆ ده‌سه‌لات په‌یداکردنی ته‌واو به‌سه‌ر سامانه سروشتیه‌کانی داو بۆ دروست کردنی پێکه‌وه‌یه‌کی پته‌و بۆ پێشکه‌وتنی کۆمه‌ڵایه‌تی که خۆی به‌شداریکی مه‌زنه له خه‌باتی شۆرشگێرانه‌ی گه‌لی عه‌ره‌ب‌و گه‌لانی تری جیهاندا .

لایه‌نی عیراقیش خۆشحالی خۆی‌له‌و سه‌رکه‌وتنه ته‌واوو هه‌موو لایه‌نیه دووباره کرده‌وه که گه‌لی فیتنام له شه‌ڕی به‌رگری دژی ده‌ستدرێژی‌ئه‌مریکادا وه‌ده‌ستی هێناوه‌و پێخۆش بوونی خۆی له سه‌رکه‌وتنه مه‌زنه‌کانی به‌کخستنه‌وه‌ی فیتنام‌و به‌ئاکردنی کۆمه‌ڵی نوێی کۆماری سوشیالیستی فیتنام دەربڕی گه‌لی عیراق به‌ئه‌رمی پشتگیری مه‌سه‌له‌ی شورشگێرانه‌ی گه‌لی فیتنام ده‌کا له پێناوی سه‌ر به‌خۆیی نیشتمانی‌و پته‌وکردنی ئاشتی به‌رده‌وام‌و بیناکردنی کۆمه‌ڵی سۆشیالیستیدا .

به‌رێز نیگوین زوی تینه سوپاسی گه‌ل‌و حزبی کومونیستی فیتنام‌و حکومه‌تی کۆماری سۆشیالیستی وتوویژی کرد .

له‌م وتوێژانه‌دا لایه‌نی فیتنام خۆشحالی خۆی له‌و سه‌رکه‌وتن‌و ده‌سکه‌وتانه به‌رچاوانه ده‌ربڕی که کۆماری عیراق له بیناکردنی سۆسیالیزمدا به‌ده‌ستی هێناون به‌جۆرێك که ئاواته‌کانی گه‌لی عیراق بێنێته دی .

لایه‌نی فیتنام پێرۆزبایی له حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست کرد به بۆنه‌ی سیهه‌مین بیره‌وه‌ری دامه‌زرانیه‌وه‌و ستایشی ده‌وری مێژووی حزبی کرد له سه‌رکردایه‌تی گه‌لی عیراق‌دا دژی ئیستعمارو بۆ ده‌سه‌لات په‌یداکردنی ته‌واو به سه‌رسامانه سروشتیه‌کانی داو بۆ دروست کردنی پێکه‌وه‌یه‌کی پته‌و بۆ پێشکه‌وتنی کۆمه‌ڵایه‌تی که خۆی به‌شداریکی مه‌زنه له خه‌باتی شۆرشگێرانه‌ی گه‌لی عه‌ره‌ب‌و گه‌لانی تری جیهاندا .

له‌م وتوێژانه‌دا لایه‌نی فیتنام خۆشحالی خۆی له‌و سه‌رکه‌وتنه به‌رچاوانه ده‌ربڕی که کۆماری عیراق له بیناکردنی سۆسیالیزمدا به‌ده‌ستی هێناون به‌جۆرێك که ئاواته‌کانی گه‌لی عیراق بێنێته دی .

لایه‌نی فیتنام پێرۆزبایی له حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست کرد به بۆنه‌ی سیهه‌مین بیره‌وه‌ری دامه‌زرانیه‌وه‌و ستایشی ده‌وری مێژووی حزبی کرد له سه‌رکردایه‌تی گه‌لی عیراق‌دا دژی ئیستعمارو بۆ ده‌سه‌لات په‌یداکردنی ته‌واو به سه‌رسامانه سروشتیه‌کانی داو بۆ دروست کردنی پێکه‌وه‌یه‌کی پته‌و بۆ پێشکه‌وتنی کۆمه‌ڵایه‌تی که خۆی به‌شداریکی مه‌زنه له خه‌باتی شۆرشگێرانه‌ی گه‌لی عه‌ره‌ب‌و گه‌لانی تری جیهاندا .

لایه‌نی عیراقیش خۆشحالی خۆی‌له‌و سه‌رکه‌وتنه ته‌واوو هه‌موو لایه‌نیه دووباره کرده‌وه که گه‌لی فیتنام له شه‌ڕی به‌رگری دژی ده‌ستدرێژی‌ئه‌مریکادا وه‌ده‌ستی هێناوه‌و پێخۆش بوونی خۆی له سه‌رکه‌وتنه مه‌زنه‌کانی به‌کخستنه‌وه‌ی فیتنام‌و به‌ئاکردنی کۆمه‌ڵی نوێی کۆماری سوشیالیستی فیتنام دەربڕی گه‌لی عیراق به‌ئه‌رمی پشتگیری مه‌سه‌له‌ی شورشگێرانه‌ی گه‌لی فیتنام ده‌کا له پێناوی سه‌ر به‌خۆیی نیشتمانی‌و پته‌وکردنی ئاشتی به‌رده‌وام‌و بیناکردنی کۆمه‌ڵی سۆشیالیستیدا .

به‌رێز نیگوین زوی تینه سوپاسی گه‌ل‌و حزبی کومونیستی فیتنام‌و حکومه‌تی کۆماری سۆشیالیستی فیتنام له ماوه‌ی نێوان ١٦- تا ١٩ی نیسانی ١٩٧٧ دا سه‌ری له کۆماری عیراقدا .

له‌و سه‌ردانه‌دا به‌رێز صدام حسین جێگری سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆرش‌و جێگری ئه‌مینداری سه‌رکردایه‌تی هه‌رتمایه‌تی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست پێشوازی له به‌رێز نیگوین زوی تینه کردو باسی ڕێکاکانی پته‌وکردن‌و ئه‌شه‌پێدانی پێوه‌ندی دۆستایه‌تی‌و هاوکاری نێوان کۆماری عیراق‌و کۆماری سۆشیالیستی فیتنام له هه‌موو مه‌یدانێکدا کراو له‌سه‌ر دامه‌زراندنی پێوه‌ندی دۆستایه‌تی‌و هاوکاری له نێوان حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست‌و حزبی کومونیستی فیتنام بیروڕایان گۆڕیه‌وه‌و له ڕێگای به‌ره‌پێدانی ئه‌و پێوه‌ندیه‌و به‌هێزکردنی خه‌بات دژی ئیستیعمارو کۆنه‌په‌رستی‌و به‌گرتیگیراوه‌کانیان کۆتیه‌وه .

هه‌روه‌ها به‌رێز طه محیی الدین معروف جێگری سه‌رۆك کۆماری عیراق پێشوازی له به‌رێز نیگوین زوی تینه‌و وه‌فده فیتنامیه هاوڕێکه‌ی کرد .

وه‌فدی فیتنام به سه‌رۆکایه‌تی به‌رێز نیگوین زوی تینه له‌گه‌ل لایه‌نی عیراق به سه‌رۆکایه‌تی دوکتۆر سعدون حمادی وه‌زیری ده‌ره‌وی کۆماری‌عیراق فیتنامی‌و جێگری ده‌ره‌وی فیتنام‌و حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست‌و حکومه‌تی عیراق‌و له‌م ماوه‌یه‌دا له‌گه‌ل ئه‌ندامانی حکومه‌تی عیراق‌و له سه‌رووی هه‌موانه‌وه به‌ڕێز سه‌رۆك احمد حسن البکر ده‌ربڕی له سه‌ر پشتیوانی به‌رده‌وام‌و پشتگیری به‌هێز .

هه‌ردوو ، پشتگیری ته‌واویان بۆ خه‌باته پاله‌وانانه‌ی گه‌لی عه‌ره‌ب به‌گشتی‌و گه‌لی عه‌ره‌بی فه‌له‌ستین به‌تایبه‌تی ده‌ربڕی دژی ده‌ست درێژی به‌رده‌وامی زایۆنیزم که به پشتیوانی ئیمپریالیزمی ئه‌مه‌ریکا ئه‌یکات ، دیسان ئه‌و خه‌باته‌ی بۆ رزگاری ته‌واوی خاکی زه‌وت کراوی عه‌ره‌ب‌و زامن‌کردنی مافی نه‌ته‌وایه‌تی‌ته‌واوی له‌سه‌ر خاکو نیشتمانی فه‌له‌ستین ئه‌یکات .

هه‌روه‌ها پیشتگیریان ده‌ربڕی بۆ تێکوشانی گه‌لی عه‌ره‌بی فه‌له‌ستین‌و بڕوتنه‌وه‌ی به‌رگری چه‌کداری فه‌له‌ستین له‌ناو خاکی زه‌وت کراو ده‌ره‌وه‌ی دا له پێناوی ده‌رکردنی زایۆنیسته کانداو رزگار کردنی ته‌واوی خاکی فه‌له‌ستین‌و داوایان له گه‌لانی جیهان‌و بڕوتنه وه‌نیشتمانی‌و شۆڕشگێره‌کان کرد وه که هه‌موو لایه‌نێکی پشتگیری‌و پشتیوانی پشکه‌ش به خه‌باتی بڕوتنه‌وه‌ی به‌رگری فه‌له‌ستین بکه‌ن .

هه‌روه‌ها هه‌ر دوو لاش هه‌ڵوێستی ده‌وله‌تانیان به‌ر چاوخست ، بیرو رایان وه‌ك یه‌ك بوو ده‌رباره‌ی بارو نیستای ده‌وله‌تان که وای ده‌ر ئه‌برن : چه‌رخی نیستا چه‌رخی سه‌ر به خۆیی‌و سه‌رکه‌وتنی گه‌لانه له تێکوشانیاندا بۆ رزگاری نیشتمانی‌و پێشکه‌وتنی کۆمه‌ڵایه‌تی وه‌ه‌ر دوو ده‌ری ئه‌برن که پشتگیری ته‌واوی خه‌باتی گه‌لانی ئاسیاو فیتنامی‌و بۆ گه‌لی عیراق‌و حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست‌و حکومه‌تی عیراق‌و له سه‌رووی هه‌موانه‌وه به‌ڕێز سه‌رۆك احمد حسن البکر ده‌ربڕی له سه‌ر پشتیوانی به‌رده‌وام‌و پشتگیری به‌هێز .

هه‌ردوو ، پشتگیری ته‌واویان بۆ خه‌باته پاله‌وانانه‌ی گه‌لی عه‌ره‌ب به‌گشتی‌و گه‌لی عه‌ره‌بی فه‌له‌ستین به‌تایبه‌تی ده‌ربڕی دژی ده‌ست درێژی به‌رده‌وامی زایۆنیزم که به پشتیوانی ئیمپریالیزمی ئه‌مه‌ریکا ئه‌یکات ، دیسان ئه‌و خه‌باته‌ی بۆ رزگاری ته‌واوی خاکی زه‌وت کراوی عه‌ره‌ب‌و زامن‌کردنی مافی نه‌ته‌وایه‌تی‌ته‌واوی له‌سه‌ر خاکو نیشتمانی فه‌له‌ستین ئه‌یکات .

هه‌روه‌ها پیشتگیریان ده‌ربڕی بۆ تێکوشانی گه‌لی عه‌ره‌بی فه‌له‌ستین‌و بڕوتنه‌وه‌ی به‌رگری چه‌کداری فه‌له‌ستین له‌ناو خاکی زه‌وت کراو ده‌ره‌وه‌ی دا له پێناوی ده‌رکردنی زایۆنیسته کانداو رزگار کردنی ته‌واوی خاکی فه‌له‌ستین‌و داوایان له گه‌لانی جیهان‌و بڕوتنه وه‌نیشتمانی‌و شۆڕشگێره‌کان کرد وه که هه‌موو لایه‌نێکی پشتگیری‌و پشتیوانی پشکه‌ش به خه‌باتی بڕوتنه‌وه‌ی به‌رگری فه‌له‌ستین بکه‌ن .

هه‌روه‌ها هه‌ر دوو لاش هه‌ڵوێستی ده‌وله‌تانیان به‌ر چاوخست ، بیرو رایان وه‌ك یه‌ك بوو ده‌رباره‌ی بارو نیستای ده‌وله‌تان که وای ده‌ر ئه‌برن : چه‌رخی نیستا چه‌رخی سه‌ر به خۆیی‌و سه‌رکه‌وتنی گه‌لانه له تێکوشانیاندا بۆ رزگاری نیشتمانی‌و پێشکه‌وتنی کۆمه‌ڵایه‌تی وه‌ه‌ر دوو ده‌ری ئه‌برن که پشتگیری ته‌واوی خه‌باتی گه‌لانی ئاسیاو ئه‌فه‌ریقاو ئه‌مه‌ریکای لاتین ئه‌که‌ن دژی ئیمپریالیزم‌و ئیمپریالیزمی نێوێو ره‌گه‌زپه‌رستی‌و زایۆنیزم . به‌تایبه‌تی پشتگیری ته‌واویان ده‌ربڕی بۆ خه‌باتی گه‌لانی زمبابوی‌و نامیبیاو خواروی ئه‌فه‌ریقاو داوایان کرد وه‌ده‌ست تێکه‌ڵی بێگانه له کاروباری ناوخۆی گه‌لانی ئه‌فه‌ریقا بوه‌ستێنرێ .

دیسان بیروڕایان له سه‌ر ئه‌وه یه‌ك بوو که بڕوتنه‌وه‌ی بێ لایه‌ن بۆته هێزیکی گه‌وره دژی ئیمپریالیزم‌و ئه‌و ده‌وره‌ی ئه‌یگێڕی زیاتر له شانۆی ده‌وله‌تاندا بایه‌خدار بووه وهه‌ر دوولا بڕیاریان داوه به‌شداریان له‌م خه‌بات‌و بڕوتنه‌وه‌یه‌دا به‌کار تر بکه‌ن‌و دژی هه‌موو ئه‌و پیلانانه‌ی ئیمپریالیزم ڕێکیان ئه‌خات‌و هۆنڕێولی ده‌وله‌تان سازی ئه‌که‌ن، هه‌ر وه‌ها هه‌ردوولابه‌رگری ئه‌که‌ن له مافی گه‌لان بۆ بڕیاردانی چاره‌نوسی خۆیان‌و بنیاتنانی کۆمه‌ڵه کانیان‌و داماه‌زراندنی سیسته‌می ئابوری جیهانی نوێ له‌سه‌ر بنه‌ره‌تی ڕێزی وه‌ك یه‌ك‌و مافی ده‌سه‌ڵاتی ته‌واو یه‌کسانی‌و سوودی به‌رامبه‌ر .

هه‌ر دوو لاش ، به‌خوشحالیه‌وه ده‌ستیان بۆ ئه‌نجامه‌کانی پێنجه‌م کونفرانسی به‌رزی ولاتانی بی لایه‌ن کێشا که مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٦ له کۆتایی‌و به‌سترا‌و خۆبه‌ستنه‌وه‌یان به به‌رباره‌کانیه‌وه ساغ کرده‌وه هه‌روه‌ها خۆشحالیان ده‌ربڕی به‌رامبه‌ر کونگره‌ی وه‌زیرانی ده‌ره‌وه‌و مه‌کته‌بی ڕێکخستنی ولاتانی بڕوتنه‌وه‌ی بێلایه‌ن که له ٦-و بۆ ١١ی نیسانی ١٩٧٧ له نیودلهی به‌سترا ، هه‌ردوو لاش به کۆماری عیراق به‌رامبه‌ریان توندی داوای کشانه‌وه‌ی عیزه عسکریه‌کانی ئه‌مه‌ریکایان کردو هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی بنکه‌کانی له ئاسیاو کارکردن بۆ ئه‌وه‌ی ئۆقیانووسی هیندی‌و به‌رباڵاوی سروشتی ناوچه‌که، ناوچه‌یه‌کی ئاشتی‌و ئاسایش بێ .

هه‌ردوو لاش شادمانی خۆیان ده‌ربڕی به‌رامبه‌ر به‌وه‌ی ئه‌بینن دۆستایه‌تی‌و هاوکاری نێوان هه‌ردوو گه‌لی عیراق‌و فیتنام به‌رده‌وام له پته‌وبووندا‌یه‌و به‌ڕێزه‌وه سه‌یری ڕێکه‌وتنه‌کانی هاوکاری‌و ئابوری ساڵی ١٩٧٥ و ١٩٧٦ و ١٩٧٧ یان کرد که ده‌ربڕی زیندوی هاوکاری تێکوشانی نێوان هه‌ردوو که‌له له رابوردوو پاشه‌ڕۆژدا و له سه‌ر هه‌نگاونانی پێویستی زیاتر پته‌وکردنی ئه‌م په‌یوه‌ندیانه ڕێککه‌وتن .

ئه‌مه‌و ، له کاتی ئه‌م سه‌ردانه‌دا ، هه‌ردوو لا ڕێکه‌وتنی هاوکاری ئابوری‌و زانستی‌و هونه‌ریان له نێوان هه‌ردوو ولاتدا مۆر کرد .

هه‌ردوو لاشادیان ده‌ربڕی به‌رامبه‌ر سه‌رکه‌وتنی سه‌ردانه‌که‌ی وه‌فدی کۆماری سوشیالستی فیتنام‌و به‌شداری کردنی به‌کاری له به‌ره‌پێدانی هاوکاری دۆستانه‌ی نێوان هه‌ردوو ولاتدا . له کوتایی سه‌ردانه‌که‌شدا به‌ڕێز ((نگوین توی تینه)) و ئه‌ندامانی وه‌فدی کۆماری سۆشیالستی فیتنام سوپاس گه‌رمی گه‌لی عیراق‌و سه‌رکردایه‌تی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالست‌و حکومه‌تی عیراقیان کرد به‌رامبه‌ر پێشوازی گه‌رمیان‌و هه‌ستی دۆستانه‌ی ته‌واویان ده‌ربڕی به‌رامبه‌ر به‌و ڕێزه‌ی له کاتی سه‌ردانه‌که‌یانا بۆ کۆماری عیراق به‌رامبه‌ریان نوێکراوه .

● له پاریزگاکاندا

● پێری هاوڕێ ئه‌مینداری نه‌ته‌وه‌یی مه‌کته‌بی کرێکاران له سه‌رکردایه‌تی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سوشیالیست لقی (ته‌ئمیم) له‌یه‌کیه‌تی ناوه‌خۆی نه‌قابه‌ی کرێکاراندا سه‌رۆکایه‌تی کۆبوونه‌وه‌ی مه‌کته‌بی کاروباری لاوان‌و له‌ناوبردنی نه‌خوێنه واری کرد‌وه .. له‌م کۆبوونه‌وه‌یه‌دا سه‌رۆکان‌و ئه‌ندامانی لێژنه‌ی مه‌کته‌بی کارئه‌و دامه‌زراوه‌کانی به‌رهه‌م هێنانی به‌شداریان کرد‌وه‌ باسی ڕێ‌ره‌وه زانستی‌و کاری گه‌شه‌پێدان‌و به‌ره‌پێدانی توانایی لاوان له‌کارگه‌کانداو چۆنیه‌تی خسته‌ڕێی وزه‌و توانایان له‌پێناوی گه‌شه‌پێدانی زانیاری‌و به‌رهه‌م هێنانداکراوه ..

● پێری به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ڕۆشنبیری جه‌ماوه‌ر له‌پارێزگای هه‌ولێر ده‌ستی کرد‌وه به هێرشێکی ڕاگه‌یاندن له گوندو قه‌زاکانی ناوچه‌ی هه‌ولێر ..

له‌م هێرشه‌دا چه‌ند کۆڕێکی جه‌ماوه‌ری بۆ ڕوون کردنه‌وه‌ی لایه‌نه‌کانی سه‌رزه‌نشتی گشتی‌و دوره‌ی هاوولاتیان له یارمه‌تیدانی ئه‌و که‌سانه‌ی که ئه‌م کاره ڕانه‌په‌ڕێنن ، پێك ئه‌هێنرێ ..

● پێری به‌ڕێز عبدالواحد ذیاب الخریبط پارێزگاری دیالی سه‌رۆکایه‌تی کۆبوونه‌وه‌یه‌کی ئه‌نجومه‌نی کشتوکالی کرد‌وه که هاوڕێی پرسراوی مه‌کته‌بی جوتیاری له پارێزگاکه تیا ئاماده‌بوه ..له‌م کۆبوونه‌وه‌یه‌دا بڕیاردراوه جۆگاوی (سعدیه) که (٢٠هه‌زار دۆنم زه‌وی کشتوکالی‌و بێستانه‌کان ئاوئه‌دات پاك بکرێته‌وه‌و هه‌شت ترومپا دابنێن له ناوچه‌که‌دا بۆ ئاودانی پانایه‌کی زیارتری زه‌وی کشتوکالی .

له سه‌ری

ئای چۆرانه‌یه‌که ؟

- باوکی به‌ختیار -

لێی چوم پێشه‌وه ورده ورده سه‌رنجم لێ ده‌دا به‌راستی خویشم نازانم چون چونی لێی ورد بمه‌وه ئایا که‌سانێك هه‌ن ئا ئاوا ره‌واله‌نی‌بن ئایا هه‌ر ئه‌و ئه‌و ساتێك له‌مه‌وپێش به‌سه‌رو پۆته‌لاکی برا‌ده‌ره‌که‌یدا ده‌هاته خوارێ چی قسه‌ی خراپ بوو پێی ده‌گوت .

له دڵی خومدا چه‌ند جارێك وه‌ك شریتێکی سینه‌ما قسه‌کانیم هێنایه پێش چاو . ئه‌ی گوایه ئه‌م هه‌موو قسه ناره‌واو ناشیرنیانه‌ی بوچ ئاراسته‌ی ئه‌م هه‌ناسه سارده ده‌کرد ؟ تۆ بڵێت مرۆڤانێکی وه‌ها هه‌بن ئا به‌م جۆره ده‌رباره‌ی یه‌کتری جۆره کاری وایکه‌ن . ده‌با جار جار ورد ببینه‌وه له‌و ره‌فتارانه‌ی ئه‌م جۆره که‌سانه بۆمان ده‌رئه‌که‌وێت که چه‌ند دواکه‌وتوین ؟

ڕۆژ به‌ڕۆژ ڕووی ئه‌و که‌سانه هه‌ڵده‌مالرێ که په‌ت‌به‌تێن ده‌که‌ن . به‌راستی مۆرانه‌یه‌کی ئێجگار درنده‌ن سه‌یر ئه‌وه‌یه ڕۆژ جار په‌ت په‌تینه‌که‌یان به‌سه‌ر که‌سانێکی ساویلکه‌دا ڕاده‌بورێت . براده‌ره‌که‌م مرۆڤێکی تا بڵێت خوو ره‌وشت به‌رز بو .

ڕوی تێکردم گوتی کاکه نازانم سه‌رنجت‌دا له‌و هێرشه‌ی که (...) کردی له‌و به‌سه‌زمانه که کاتێکیش خوی هات چ ره‌واله‌تێکی بۆ کرد . به‌شێنه‌یی پێم گوت برا ئه‌مه ده‌ردێکی پیسه له‌ناو کومه‌ڵدا هه‌روا زو ناتوانرێت به‌سه‌ریدا زاڵ ببین تاوانی ئه‌م جۆره ره‌فتاره‌ش ده‌که‌ویته ئه‌ستۆی نه‌فامی‌و نه‌خوێندواری .

دیاره براده‌ره‌که‌م به‌م قسه‌یه‌م زوو بڕوا ناکات هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه بوو یه‌کسه‌ر ڕووی تێکردم‌و گوتی بۆ کاکت (...) نه‌خوێنده‌وارو نه‌فامه خۆ ئه‌و خاوه‌نی شه‌هاده‌یه‌کی به‌رزه ... وه‌گومانیش نی‌یه فامیشی هه‌یه‌و ده‌رکیش به جاکی‌و خرابی ده‌کات برا نابێت تۆ کوێرانه بارێزیان لێ‌بکه‌یت . ڕووم تێکردو گوتم بروات بێت نامه‌وێت به هیچ جۆرێك کوێرانه بارێزیان لێ بکه‌م به‌ڵام ده‌ردی کومه‌ڵ هێنده زۆره وامه‌زانه پله‌ی خوێندنی به‌رزو پله‌ی خوێنده‌واریه‌کانی تر هه‌روه‌ها به زوبی زاڵ ده‌بن به‌سه‌ر ئه‌م ده‌رده‌دا من‌و تویش هیچ کاتێك بڕوامان وانه‌بو که‌سێکی وه‌کو کاك (...) تا ئاوا بێت کردارو رفتاری تا ئاوا په‌ت به‌تێن بکات که‌سانێکی وه‌کو ئه‌و هه‌میشه له‌ناو کومه‌ڵدا به چاوێکی سوك‌و بێ به‌ها ته‌ماشا ده‌کرێن کومه‌ڵ زۆر وریاتره له په‌ت به‌تێنی ئه‌وان . تا بتوانین ئێمه ده‌بێت که‌سانێکی وه‌ها له‌ناو کومه‌ڵدا ڕوویان هه‌ڵبماڵین‌و ئاشکرایان بکه‌ین‌تا که‌س به‌ره‌واله‌ته‌کانیان ده‌ست خه‌ڕۆ نه‌بێت .

ئه‌م جۆره که‌سانه ده‌بێت زوو ده‌ربخرین تاکومه‌ڵ توشی به‌ڵا نه‌بێت به هۆیانه‌وه .

ره‌نجی که‌سیش نه‌دزرێت له پێناوی ئه‌م جۆره په‌ت به‌تێنه‌دا . به‌هه‌موان ئه‌م جۆره که‌سانه ئافه‌رۆز بکه‌ین وه ڕێگه نه‌ده‌ین له‌ناو کومه‌ڵدا کنه بکه‌ن‌و ره‌گ داکوتن ئه‌کینا ره‌گی ئه‌م جۆره که‌سانه له ره‌گی گوڵی بیس تره .

له پاشماوه

پاشماوه‌ی : دەروتار

به‌رهه‌م له‌جێ‌به‌جێ‌کردنی ئه‌خشه‌و به‌رنامه‌کاندا وه‌دی‌بهێنێ .

ئه‌گه‌ر که‌سێکی واهه‌بێ که به‌هه‌مو شێوه‌یه‌ك تازانجی خۆی له‌بار چاوبگرێ‌و گوێ‌نه‌داته تازانجی جه‌ماوه‌ری باشه‌ڕۆژی شۆڕش‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش‌دا که ئه‌توانێ خۆی پێش‌بخاو کاره‌کانی به‌باشی ئه‌نجام‌بدا هه‌ربه‌وه‌ی مه‌رکه‌زه‌که‌ی خۆی بپارێزێ ، ئه‌وه کۆسپێك له‌به‌ردەم ڕێره‌وی شۆڕشدا‌دروست‌ده‌کا که ده‌تانه ڕادەی خیانه‌ت .

بۆیه که‌سێك دڵسۆزبێ ئه‌گه‌ر زانی له‌شوێنێك له‌کاره‌که‌ی‌دا سه‌رکه‌وتوو نیه‌ بۆیسته ئه‌وشوێنه به‌جێ‌بهێڵێ‌و بچێته شوێنێکی‌تر . هاونیشتمانی له‌سته‌ری ئه‌و بیناکردنه شۆڕشگێریه‌دا که ئامانجی خزمه‌تی جه‌ماوه‌ره‌و به‌هۆی ئه‌و هه‌ڵومه‌رجه ناماسابیه ناوخۆیی‌و خاریجی‌یانه‌ی ده‌وره‌یان داوه ، ته‌نیا ئه‌وه‌نده‌ی له‌سه‌رنیه‌که ئه‌وه‌نده‌یه‌کی ئاسایی له‌گه‌ڵ شۆڕش هه‌بێ‌و له‌گه‌ڵ بزووتنه‌وه‌ی گشتی ده‌وڵه‌ت‌و کۆمه‌ڵدا بێ ، به‌ڵکو له‌سه‌ری بۆیسته که ده‌ست‌بنشخه‌ری خولقێنه‌رو به‌شداری داهێنه‌ر بنوێنێ بۆ ده‌ربڕینی کارتێ کردنی دڵسۆزانه له‌گه‌ڵ ڕێباری شۆڕش‌و بۆ به‌ده‌نگه‌وه‌هاتنی وشیارانه‌ی پێداویستیه‌کانی دامه‌زراندنی کۆمه‌ڵی نوێ .

هاوڕێ جێگریش به‌نجه‌ی‌بۆ ئه‌و مه‌به‌سته دڕێ‌کردو گوتی : (ئه‌و که‌سه‌ی ته‌نیا به‌هۆی بزووتنه‌وه‌ی گشتیه‌وه ده‌جوولیته‌وه نه‌ك به‌هۆی‌بزووتنه‌وه‌ی خۆیه‌وه‌که‌ به‌شێکه له بزووتنه‌وه‌ی گشتی ، ئه‌وه ره‌وره‌وه‌یه‌کی قورسه که کۆمه‌ڵ به ره‌وداراده‌کێشێ .

دیارده‌ی که‌م‌وکورتی‌و ناته‌واوی له‌کرتی بازرگانی‌دا ناگه‌رێته‌وه سه‌رئه‌وه که سۆشیالیزم به‌رێگای بنیاتنان‌و پێشکه‌وتن دانراوه به‌لکو ده‌گه‌رێته‌وه بۆ کورت‌هێنان له‌جێ‌به‌جێ‌کردنی ناوه‌ڕۆکی سۆشیالیزم‌دا وله‌بشت به‌ستن به‌ڕێ‌وشوێنه‌کانیدا به‌ره‌وئامادەکردنی که‌ل‌و به‌ل بۆ هاونیشتمانیان به‌جه‌شنێك که خزمه‌تی جه‌ماوه‌ره‌کانو پێویسته‌کانیان دابین‌بکا .

بۆیه هاوڕێ جێگر له‌وتاره‌که‌ی‌دا سۆشیالیزم وه‌ك بیروباوه‌ڕو سیاسه‌ت‌و بۆچوون له‌گه‌ڵ ئه‌و شێوه‌و ڕێکایانه که بۆجێ‌به‌جێ‌کردنی سۆشیالیزم ڕه‌چاوده‌کرێن

لێك جیاده‌کاته‌وه ، ئه‌و شێوه‌و ڕێکایانه ده‌بێ له‌گه‌ڵ پێداویستی‌و سروشته تایبه‌تیه‌کانی کۆمه‌ڵدا بگونجێ‌و ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ حه‌زی‌لێ‌نه‌کردن‌و ده‌گری وازیان لێ‌بهێنرێ له‌ئاڵه‌کدا سۆشیالیزم وه‌ك بیروباوه‌ڕو سیاسه‌ت هه‌ڵبزاردنێکی به‌کجاری حزب‌و شۆڕشه‌و له‌و باره‌وه هاوڕێ جێگر ده‌ڵێ : (ئێمه به‌هیچ جۆر نه ئه‌ڵێین ، له دواڕۆژدا له سۆشیالیزم لاناده‌ین چونکه ڕێگای سۆشیالیزم ڕێگای ژیانی گه‌ل‌و به‌ته‌نیا ڕێگای ده‌زانین بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌له‌که‌مان به‌سه‌ربه‌رزی‌و له ژیانکی به‌ختیارانه‌دا بژی) .

دۆزینه‌وه‌ی شێوه‌و ڕێ‌وشوێن بۆ جێ‌به‌جێ‌کردنی سۆشیالیزم له‌ولاته خه‌باتکه‌ره کانماندا به‌جۆرێك که له‌گه‌ڵ هه‌ڵومه‌رج‌و نه‌فسیه‌تی کۆمه‌ڵه‌که‌مان‌دا بگونجێ ، له بنیاتنانی شۆڕشگێرانه‌دا به‌یه‌کێك له بنچینه‌کانی دیموکراتی‌و دڕکرتن له جه‌ماوه‌رو به‌شێوه‌یه‌کی به‌رزی دامه‌زراندنی پێوه‌ندی دیموکراتی له‌نێوان حکومه‌ت‌و گه‌ل‌دا داده‌نرێ .

هه‌رله‌وکاته‌دا ئه‌و شێوه‌و ڕێ‌وشوێنه تایبه‌تیانه نیشانه‌ی ره‌سه‌نیه‌تی ڕه‌سازی سۆشیالیزمن که بناخه‌که‌ی له‌سه‌ر پێویستی‌و هه‌ڵومه‌رجه نیشتمانی‌و نه‌ته‌وه‌ییه‌کان دامه‌زراوه .

وتاره‌که‌ی هاوڕێ جێگر به‌ره‌ناوه‌ڕۆ ڕۆنیشاندانه‌ی تیئیدابوو به ڕێ‌نوێنێکی ئیشکه‌رانی که‌رتی بازرگانی ده‌ژمێردرێ‌و پێویسته لێپرسراوانی ئه‌وگه‌رته گرنگه ئه‌م ڕێ‌نوێنیانه بکه‌نه نه‌خشه‌ی به‌رنامه‌ی کارو بیانکه‌نه ده‌وره‌ی به‌هێزکردن له مه‌یدانی شاره زابوون‌و سیمیناره سیاسیه‌کان‌دا بۆ به‌رزکردنه‌وه‌ی پله‌ی وشیاری‌و ئیلتیزامی شۆڕشگێرانه بۆ به‌ره‌وروو‌بوونه‌وه‌ی دیارده‌کانی که‌م‌وکورتی تاکوو ناته‌واویه‌کانی ئه‌وگه‌رته نه‌بنه چه‌کێك به‌ده‌ستی ئه‌و دوژمنانه‌ی گه‌له‌وه که هه‌میشه له‌که‌لێ‌ندان بۆ ئه‌وه‌ی که‌م‌وکووڕیه‌ك به‌دۆزنه‌وه‌و که‌لکی لێ‌وه‌ربگرن .

گه‌له‌که‌مان که له‌ماوه‌ی ساله‌کانی خه‌باتی‌دا به‌سه‌ر که‌وتنه‌وه که‌وتۆته ناو کێشه نیشتمانیه‌کانه‌وه‌و به‌سه‌ر کردایه‌تی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست زۆر سه‌رکه‌وتنی مێژوویی که‌وره‌ی به‌ده‌ست هێناون هه‌میشه توانای ئه‌وه‌ی‌هه‌یه که ئه‌وره‌ترین سه‌رکه‌وتن له ئه‌رکی بنیاتنانی ئابووری‌و جێ‌به‌جێ‌کردنی سۆشیالیزم‌دا وه‌ده‌ست بێنێ‌و له‌وه‌ش‌دا شاره‌زایی له‌بیروباوه‌ڕو ئامانجه‌کانی حزبی سه‌رکرده وه‌رده‌گرێ .

پاشماوه

پاشماوه‌ی : لاوان‌و وه‌رزش

ته‌واوی خۆیان ته‌رخان‌بکه‌ن بو پێش‌خستن ناوی لاوانی عیراقمان ئه‌و خه‌رج‌و بارمه‌تیه‌ی ده‌درێت به‌یانه‌و یه‌کیه‌تیه وه‌رزشیکان نابێت به فێڕۆچێت ده‌بێت سه‌رکه‌وتنی له‌دواوه‌بێت توان به‌هه‌مو هێزیکه‌وه‌ته‌رخان‌بکرێت بو سه‌رکه‌وتن‌له‌سه‌ر بناغه‌یه‌ک

پێستی دەستکرد مانا ناوێ

پێستی دەستکرد زۆر لە پێستی ئاسایی و سروشتی هەرزانتره ، لەبەر ئەوەیش رەنگەکانی لە رەنگی سروشتیش جوانتره ، پیاوژن و منالان زیاتر ئارەزوی کڕینی ئەکەن ، بەتایبەتی بریقەی لە پشتین و جانتای دەستیدا زۆر سەرنج رائەکێشێ .

بەلام لەرووی تەندروستی-یەوە دەرکەوتوەکە پێستی دەستکرد زۆر زیان بەخشە ، بەتایبەتی بۆ پێلاوی منالان ، چونکە پێستی دەستکرد ئەوکونانەی تیانیە وەك پێستی سروشتی کە یارمەتی هاتووچوی هەوا ئەدات ، لەبەرئەوە پزیشکەکان ئاموژگاری ئەوەئەکەن پێلاوی منالان نەکڕی ئەگەر بە پێستی دەستکرد دروست کرابوو ، چونکە ئەبێتە هوی یەك خستنی پێستی نێوان پەنجەکان و دروست کردنی بۆنی ناخۆش لە قاچدا .

لەنێوان «٥» سالی تا «٧» سالی تەمەنی منالەکەت ئەم پیوییستیانەی بۆجێ بەجێ بکە

٩ - ماوەی رەفتارکردنی سەربەخۆی پێبەخشە ، وەك ئەوەی بیەوێت خۆی شتێك بۆ خۆی بکڕێت بە ئارەزووی خۆی بێت .

١٠- خەرجی یەکی زانراوی تایبەتی پێبدەو وازی لێبێنە لە هەوەسی خۆی چی پێدەکات یا بیکات .

١١- بێویستە ماوە بدرێتە منداڵ لەگەڵ دایك و باوکیدا بچێتە دەرەوە ، ئەگەر کوڕ بوو لەگەڵ باوکداو ئەگەر کچ بوو لەگەڵ دایکدا ، بەم چەشنە زۆر شت لە رەوشتی تەمەندارانی ئەو جنەی لێیەتی فێر دەبێت .

١٢- بە لایەنە باشەکانیدا هەڵبدە ، نەك بڕۆیت رەخنە لە لایەنە لاوازو خرابەکانی بکریت بە واتایەکی تر پەرۆشی ئەوە بە کە باڵی پێوە بنێیت بەهرەکانی پەرە پێبدات .

پارەی رۆژانەمان بۆتە بەشێك لە ژیانی رۆژانەمان بەڵکو یادگارەکانی هەر لە منالیەوە تا ئێستا لە خەیاڵماندا ماوەتەوە .. هەمیشە ئەو پرسیارەی کە رووبەرووی هەموومان ئەبێتەوە ئەوەیە : ئایا پارەی رۆژانە چی یە ؟ ئایا سنوورێکی دیارکراوی هەیە ؟

پرسیارەکەم لە زەینی خۆما هەڵگرت رووم کردە یەکێ لە پسپۆرەکانی شێتەڵکردنی سایکۆلۆجیەتی منال ئەویش وتی پیری رۆژانەی منالان بەلای منالەوە هێجگار گرنگە چونکە فێری ئەوەی ئەکات کە چۆن بێویستەکانی خۆی بکڕێت و پارەکەی کاڵی ماوەتەوە بکەرێنێتەوە .. کەواتە لێرەدا فێری ژماردن ئەبێت و هەست ئەکا کە چۆرە سەربەستیەکی هەیە کاتێ کە بڕێ پارەو بوول لە دەستخۆیا ئەبینیت و بە ئارەزووی خۆی ئەوشتەی کە حەزی لێیەتی ئەیکڕێ ، بەلام بێویستە ئاراستەبکرێت بۆ کڕینی شتی باش و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەوشتانەو رەچاوی پاکژی هەموو جۆرە خواردن و شیرینیەك کە هەلی ئەبژێرێت بکات .. هەروەها بێویستە فێری ئەوەی بکەن و تێبگەن کە بارێکی کۆمەڵایەتی و خەڵکیکی جیاواز هەیە تاکو لە سنوورێ توانای خێزانەکەی زیاتر نەڕوات .

لێرەدا پرسیارێك لە د. فایزە ئەکەم ئایا ئەلوێ رۆژانەی منالان مانگانەبێت ؟ ئەویش وەڵامم ئەداتەوە ئەڵێت لە قۆناغی سەرەتاییدا رۆژانە پارە ئەدرێتە منال چونکە ناتوانی پارەکە بپارێزێت و مەبەستەکانیشی لەم تەمەنەدا هێجگار پەلەیەو ناتوانێت دوای بخات ، بەلام لە قۆناغی ئامادەیی دا هەفتانە پارە ئەدرێتێ لەگەڵ ئاراستەو ئاموژگاری بەردەوام و پەیتا پەیتا ئەگەتە پارەی مانگانە لە قۆناغی ناوەندی چونکە پارەی مانگانە فێری ئەوەی ئەکات کە چۆن ساتو سەودا بە پارەکەبکات هەروەها فێری پاشەکەوت کردنیش ئەکات .

جاروایە منالێك ئەبینین هەموو ئەو پارەو پوولەی کە ئەکاتە دەستی دەمو دەست ناهێڵێت ، یان منالێکی چاوچنۆك رۆژانەی کە لێرەولەوێ دەستی بکەرێنێتەوە .. کەواتە لێرەدا فێری ژماردن ئەبێت و هەست ئەکا کە چۆرە سەربەستیەکی هەیە کاتێ کە بڕێ پارەو بوول لە دەستخۆیا ئەبینیت و بە ئارەزووی خۆی ئەوشتەی کە حەزی لێیەتی ئەیکڕێ ، بەلام بێویستە ئاراستەبکرێت بۆ کڕینی شتی باش و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەوشتانەو رەچاوی پاکژی هەموو جۆرە خواردن و شیرینیەك کە هەلی ئەبژێرێت بکات .. هەروەها بێویستە فێری ئەوەی بکەن و تێبگەن کە بارێکی کۆمەڵایەتی و خەڵکیکی جیاواز هەیە تاکو لە سنوورێ توانای خێزانەکەی زیاتر نەڕوات .

لێرەدا پرسیارێك لە د. فایزە ئەکەم ئایا ئەلوێ رۆژانەی منالان مانگانەبێت ؟ ئەویش ئەکەوێت هەمووی باشەکەوت ئەکات .. لەراستیدا چاوچنۆکی و دەستڕۆیی هەردووکیان دووخوون منالەکە فێربان ئەبێت .. چونکە هیچ منالێك نیە کە بە میراتگری چاوچنۆك بێت یاخود باش و دەست بڵاو بێت ، بەلام چەند خوویەکن لە دایك و باوکیەوە وەریان ئەگرێت و پێویستە دایك رەچاوی منالەکەی بکات تا بزانێت منالێکی ئاسایی یان نەء ، ئەگەر هاتوو زانی کە منالێکی چاوچنۆك و دەست بڵاوو ناراستەکردنی سوودی نیە ، ئەبێ پیشانی دکتۆری سایکۆلۆجی بدات بۆ ئەوەی بکاتە راستی .

پارەی رۆژانەو دواکەوتنی منال

یەکێ لە مامۆستاکانی سایکۆلۆجی ئەڵێ پێویستە منال فێربێت ریز لە پارەبنێت و چۆنیەتی خەرج کردنی بەپێی سنوورێ توانای خێزانەکەی و هیچشتێك رێگەی نادرێتێ وە رۆژانەکەی بدرێتێ بە مەرجێك فێری ئەوەبکرێت کە چۆن خەرجبکات و بەتایبەتی پێش ئەمەنی دەسالی چونکە ئەم سەرەتایە کەسیەتە کۆمەڵایەتیەکەی دروست ئەکات و رادێت کە خۆشیەکانی خۆی بخانەدواوە .

دەربارەی هەندێ لە قوتابخانە تایبەتییەکان کە لە حانوتە کە نوقڵ و بیبسی و کۆکاکولاو شیرینی لە دەرەوە ئەهێنن و بەنرخی بەرز ئەفرۆشن ئەڵێ : خراپ ترین شت کە منال هەستی پێئەکا هەست کردنە بە بەشی خوراوی چونکە وابیرئەکاتەوەکە ، ئەوانەی لەگەڵیدان هەووشتیان لە توانادایە بیکەن کەچی ئەو ناتوانێ ، ئەمە ئەبێتە هۆی پەیدابوونی دوژمنایەتی و توندوتیژی لەلای منالەکەو منیش لە قوتابخانەکانی دەوڵەتانی رۆژئاوا و رۆژهەلات حانوتی وەکو حانوتی لای خۆمانم ئەدیوە .

★

پارەی رۆژانەو دواکەوتنی منال

یەکێ لە مامۆستاکانی سایکۆلۆجی ئەڵێ پێویستە منال فێربێت ریز لە پارەبنێت و چۆنیەتی خەرج کردنی بەپێی سنوورێ توانای خێزانەکەی و هیچشتێك رێگەی نادرێتێ وە رۆژانەکەی بدرێتێ بە مەرجێك فێری ئەوەبکرێت کە چۆن خەرجبکات و بەتایبەتی پێش ئەمەنی دەسالی چونکە ئەم سەرەتایە کەسیەتە کۆمەڵایەتیەکەی دروست ئەکات و رادێت کە خۆشیەکانی خۆی بخانەدواوە .

دەربارەی هەندێ لە قوتابخانە تایبەتییەکان کە لە حانوتە کە نوقڵ و بیبسی و کۆکاکولاو شیرینی لە دەرەوە ئەهێنن و بەنرخی بەرز ئەفرۆشن ئەڵێ : خراپ ترین شت کە منال هەستی پێئەکا هەست کردنە بە بەشی خوراوی چونکە وابیرئەکاتەوەکە ، ئەوانەی لەگەڵیدان هەووشتیان لە توانادایە بیکەن کەچی ئەو ناتوانێ ، ئەمە ئەبێتە هۆی پەیدابوونی دوژمنایەتی و توندوتیژی لەلای منالەکەو منیش لە قوتابخانەکانی دەوڵەتانی رۆژئاوا و رۆژهەلات حانوتی وەکو حانوتی لای خۆمانم ئەدیوە .

★

لاوان وقوتابیان

هەواڵ و لێکۆڵینەوە

هەوال :- وابریاردراوە کە خانوبەرەکانی مەلبەندی لاوانی دەزگا و زاخۆو مەخمورو چەمچەماڵ بەزوترین کات تەواوبین ، ئەو مەلبەندانە هەریەکەیان ١٢٥ هەزار دیناریان تێدەچێت .. هەروەها (٣٠٠) هەزار دینار بۆ بنیات نانی هۆلێکی سەرگیراو تەرخان کراوە کە تە هەولێر دروست ئەکرێت لەگەڵ ئەمانەشدا ١٠٠ هەزار دینار بۆ بنیاتنانی مالێکی لاوان تەرخان کراوە ئەم مالە جێگای ١٠٠ قەرەویلەی تیادادەبێتەوە ، واچاوەروان دەکرێت ئەم پرۆژانە ئەمسال تەواوبین .

لێکۆڵینەوە :- زۆر جار باسی ئەوەمان کردوە کە حکومەتی شۆرش بایەختێکی تەواوی بە بزوتنەوەی وەرزشکاریی ناوچەیی ئوتۆنۆمی داوە ، بۆ وەجێ هێنانی ئەم مەبەستەش بارەیەکی زۆری داناوەو وزەیەکی مەعنەوی بەتینیشی بۆ ئامادە کردوە بەمەرامی ئەوەی بزوتنەوەی وەرزشکاری ناوچەکە بۆ جێگایەکی بالا بۆخۆی بگرێت .. لەچوارچێوەی ئەم چاودێریو سەرپەرشتیەدا ، ئەمسال مەلبەندی لاوانی پارزگای دەزگا و قەزاکانی جێبەجێدەکرێن ، هەروەها خانوبەرە یەك بۆ لاوان کە شوێنی ١٠٠ جێگای تیادا دەبێتەوە ، ئەم پرۆژەیە ١٠٠ هەزار دیناری تێدەچێت ، لە پارزگای ئاوبراودا هۆلێکی وەرزشکاری سەرگیراویش بنیات دەنرێت ئەویش ٣٠٠ هەزار دیناری تێدەچێ . ئەمە تەنیا شتێکی کەمە لەو پارەزۆرەی بۆ بزوتنەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی تەرخان کراوە بۆ ئەمونە هێشتا مانەوە ئەك بۆ ئەوەی کە ئەوە ساغ بکەینەوە کە سەرکردایەتی حزبو شۆرش پشتگیری بزوتنەوەی وەرزش ولات دەکات بەڵکو بۆ ئەوەی ساغی بکەینەوە کە یارمەتی بۆچانی سەرکردایەتی وەرزشکاری خولقاندوەو رۆڵەی وای پێگەیاندوە کە لە مەلبەندە وەرزشیگاندا جەماوەرچەپلەیەکی گەرمیان بۆ لێدەدات شانازیان پێوەدەکەن .. وەرزشیش لە ناوچەی ئوتۆنومیدا ئەلقەیەکی زنجیرەی وەرزشکاریی هەمو ولاتە هیوامان سەرکەوتنی بزوتنەوەی وەرزشە لە ولاتدا .

عبدالوهاب ...

دەربارەی یاریەکی ئەمجارەی « دبی »

گومانی تیانیە حزبو شۆرش پارەیەکی زۆر بۆ دەزگاکانی یاری ولات تەرخان کردووەو بایەخێکی گەورەی پێئەدات ، ئەمەش شتێکی دوورنیە لە باوەرو بۆچوونەکانی شۆرشو لێبرسراوان فوتبۆلیش یەکیکەلەو یاریانەی کە بایەخێکی بێئەندازەی پێئەدرێتو مەشقکەری لێهاتووشارەزای لە دەرەوەی وولات بۆ ئەهێنرێتو پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان ئەکرێت بۆ بەرزکردنی ئاستی ئەم یاریە کە بنکەیەکی فراوانو بەرینی لەناوجەماوەردا هەیەو بەپەرۆشەوە بەرەوپیریەوە ئەچن .

پیشاندانی یاریەکانیش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن هەنگاوێکی ترە بۆپشکەوتنی ئەم یاریەو یاریەکانی تر .. جالێرەدا جەماوەرکە خاوەنی راستەقینەی ئەم یاریە مافی ئەوەی هەیە لە میکرۆبی ئەخۆشی ئەم یاریەبکۆڵێتەوەو پەنجە بخاتە ناوچاوی ئەوانەی کە بە ئارەزووورەزامەندی خۆیان یاری بە مەشقکەرو یاریکەران ئەکەنو ئەبێتە کۆسپێك لەرێگای بەرەسەندنی ئەم یاریە .. ئایا ئەمە لەگەڵ هەموو ئەو یارمەتیانەی کە شۆرشو لێبرسراوان بۆ ئەم یاریە کە بنکەیەکی فراوانو بەرینی لەناوجەماوەردا هەیەو ئەڵێین نەء .. چونکە بە هیچ شێوەیەك لەخۆمان رازی نابین کە بڵێین توانامان ئەوەندەیە چونکە هەروەکو ووتمان هەموو شتێك بۆ لێبرسراوانی ئەم یاریە رەخنەیەو تەگەرەیان نایەتە رێگا . یاریەکەی تیبەکەمان بەهیچ جۆرێ لەیاریەکانی پێشو ئەچوو وەکو بڵێی ئەم یاریکەرانە هەموویان هەرزەکارن و تازەهاتوونەتە مەیدانی یاریکردنو وەکو جۆلەکە ئەهاتنە بەرچاو لەچاو یاریکەرانی دویێیو ئەیان ئەتوانی بەرابەریان بوەستنو تامویزیەکی خۆش بەیاریەکە ببەخشن . بەراستی جێی داخە کە یاریکەرەکانمان بەم شێوەیەبنو نوێنەری راستەقینەی تۆپی پێی ولاتەکەمانن .

جاری ئەگەر بێینە سەرئەوەی بەراوردێك لەنێوان سەرەتای پەیدابوونی تۆپی پێ لە ولاتەکەمانو کەنداوی عەرەبی بکەین ئەوە هەرناکرێ ئەوکە کەنداوی عەرەبی هەووی ١٠-١٥ ساڵ نابێت کە یاری تۆپی تیایدا بووە کەچی لەوولاتی ئیمەدا لەنیوە سەدەیەك زیاترە - سەرەرای ئەوەی کە وەکو ئیستا بایەخی پێنەدراوە - بەلام لەگەڵ ئەوەشدا تیمی دەولەتە میرنشینەکانی عەرەب کەتیمێکی تازەیەو گەلێ یاریکەری دەوڵەتە عەرەبەکانی تری تیدایە بە جۆرێکی جوانو رێك و پێك یاریان ئەکردو مەردانە بە رەنگای تیمی ئیمە

بروانە ل : ٧

پەروەردە

لاوان و وەرزش

ئەمرۆ کەس نیە دەغەڵی بکات

عبدالقادر خلیل

چەندرۆژێك لەمەوبەر رەوەزیری پێشووی لاوان کاك برهان الدین عبدالرحمن لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لەیانەی وەرزشی لاوان لە کەرخ .

هێندێ رێگەو پروگرامی نوێی دیاری کرد بۆ کاربەدەستانی یەکیەتی توی پێ بۆ ئەوەی لەسەر ئەو رێگەیە بڕۆن . دەرئەنجامی ئەمرۆ کەس ناتوانێ دەغەڵی بکات لە یاریدا وە کەسێك نابێتە لێبرسراوی کارێك ئەگەر توانای بەسەریدا نەبێت رەزامەندی تەواوی لەوبەشە وەرزشیەدا نەبێت . ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە کە دەنرێت لەلایەن کاربەدەستانی شورشەوە بۆ پەرەوردە کردنی لاوانی عیراق لەسەر بناغەیەکی راستو رەوان .

ئەوەی کاری نەبێت نابێت بە زۆرداری خوی داسەپێنێت بەسەر وەرزشداو سەریش لە لاوان تێکبداتو بشێوێنێت وەرزش ئەمرو زانستە . وەرزش ئەمرۆ ئەو وەرزشە نیە چەند ساڵێك لەمەو بەردەکرا تاوە تاو دڵمان بەوە خوش بوو گوایە ئەمە وەرزش تەنیا بۆ ئەوە دەکەین کە رابۆیرین ئەو دروشمە ئیستا پێشیل کراوە .

بۆویستی سەرشانی کاربەدەستانی وەرزش زۆرگرانە هەروەها بە حساب ناروات رێگەش نادرێت بە دەغەلی ئۆبالی وەرزشکاران دەکەوتنە سەریانەو یەکیەتیە وەرزشیەکان . کەسانێك کە ترابای کاری وەهایان نەبێت نەبونیان گەلێك چاکترە لەبونیان چونکە نابنە چقڵو رێگە لەکەس گومناکەن ئەمرکی لێبرسراوانی یەکیەتە وەرزشیەکان زۆر گرانە تەنها ئەوەنی یە چەند ناوێك دەست نیشان بکەن بۆ یەکیەتیو بەس بەڵکو کارکردنە مەشق پێکردنە ئامادەکردنی تیپە یاری کردنە لەگەڵ تیپە پێش کەوتوەکاندا دوابەدوای ئەمانەهەموو ئینجا سەرکەوتنە سەرکەوتن بەهونەری وەرزشی سەرکەوتن بەتوانا نەك بە فروفێڵ .

ئەمرۆ زۆر بە توندی لە دەغەلی کردن دەپرسرێتەوە ئەو هۆیانەی دەبنە دواکەوتنی لاوەکانمان لە یاریەکاندا دەست نیشان دەکرێت بە شیوەیەکی زانستی نوێ چارەی ئەو دواکەوتنانە دەکرێت ، ئەمرۆ دەبێت لاوەکانمان توانای

بروانە ل : ٧

یەنارتی چۆن لێ دەدرێت

